زنجيره ڕێنماييەكانى ڕێگاى ڕاست
(٥٢)

# سايتى فەرموودە
# www.fermude.com

# پێویستێتی گەڕانەوە بۆ قورئان وسوننەت
# و
# ترسناكى لاسايى كردنەوە

نوسينى
شيخ/ على خشان

وەرگێڕانى
م/ صلاح الدين عبد الكريم

چاپى يەكەم (١٤٣١ ك / ٢٠١٠ ز).

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

## پێشەکی

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ . وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَه، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾ [سورة آل عمران: ١٠٢] .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴾ [سورة النساء: ١] .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾ [سورة الأحزاب: ٧٠ ـ ٧١] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ(١).

پێغەمبەری خوا ﷺ سور بووە لەسەر ئەوەی کە ووتارەکانی دەست پێ بکات بەم ووتارە کە پێی دەوترێت (خطبة الحاجة)، وەهەروەها هاوەڵانیشی فێر کردووە، وە شاراوە نیيە لەلای هیچ کەسێکی ژیر کە ئەم ووتارە چەند سوپاس وستایشی خوای گەورەی تێدایە، هەروەها فەرمان کردنە بەترسان لە خوای گەورە وگوێڕایەڵی کردنی

(١) بڕوانە تەخریجی ئەم خوتبەیە بەکورتی لە (جزء اتباع السنن واجتناب البدع) (ژمارە: ١) (ضياء المقدسي) بەتەحقیقی شیخ علی الحلبی، وەزانای پایەبەرزی فەرموودەناس محمد ناصرالدين الألباني (رەحمەتی خوای لێ بێت) نامیلکەیەکی زۆر بەنرخی هەیە لە بارەی تەخریجەکەیەوە .

خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ، وە ئیسلام هەمووی بنیات نراوە لەسەر لە خواترسان و گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ، وەناشێت موسڵمانان ببن بەسەروەر تا چەندێك خوای گەورە شایانی لێ ترسانە ئەوەندە لێی نەترسن، وەترسان لە خوای گەورە گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەخوازێت، هەروەها پشت کردن لەهەموو شتێك کە پێچەوانەی فەرمانی قورئان وسوننەت بێت، هەرچەندە لە پێشەوایەکی کۆشش کەرەوە دەرچێت بەکۆشش کردنێکی پاداشت لەسەر دراو .

وە لەم نامیلکە کورتەدا هەوڵ دەدەین پێویستی گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ و گەڕانەوەی هەموو ئیشێك بۆ لای قورئان وسوننەت لەکاتی کێشەو دووبەرەکی دا، وەزەم کردنی دەمارگیری بۆ مەزهەبەکان روون بکەینەوە، وەهەندێ ئایەت و فەرموودەو ووتەی زانایان بەبەڵگە بهێنینەوە.

## فەرمان کردنی خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بەشوێن کەوتنی ئەوەی کە بە سروش(وەحی) بۆی دێت:

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ٱتَّقِ ٱللَّهَ وَلَا تُطِعِ ٱلْكَـٰفِرِينَ وَٱلْمُنَـٰفِقِينَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ① وَٱتَّبِعْ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ②﴾ [الأحزاب: ١-٢].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەردەوام بە لەسەر لە خواترسان، وە گوێڕایەڵی بێ باوەڕو دووڕووەکان مەکە، بەڕاستی خوای گەورە زاناو کاربەجێیە، وەتەنها شوێنی ئەو سروشە بکەوە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت دێت، بەڕاستی خوای گەورە زانایە بەو کردەوانەی کە دەیکەن .

هەروەها دەفەرموویت: ﴿ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٠٦﴾ [الأنعام: ١٠٦ ]. واتە: شوێنی ئەو سرووشە بکەوە کە لە لایەن پەروەدگارتەوە بۆت دێت، چونکە هیچ پەرستراوێکی تری حەق نی‌یە کە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە، وە پشت بکە لە هاوبەش بڕیار دەران.

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ جَعَلۡنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِ فَٱتَّبِعۡهَا وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ١٨﴾ [الجاثية: ١٨] . واتە: ئەی محمد ﷺ تۆمان خستۆتە سەر شەریعەت و یاسایەك لە ئیش وکاری دینەکەتدا کە دەتگەیەنێت بەحەق، تۆیش کاری پێ بکە و شوێنی هەواو ئارەزووی ئەو کەسانە مەکەوە کە یەك خوا پەرستی و شەریعەتی خوا نازانن بۆ بەندەکانی.

*خوای گەورە بۆ دروست کراوەکانی روون کردۆتەوە کە ئەو پێویستی کردووە لەسەر پێغەمبەرەکەی ﷺ شوێنی ئەو سرووشە بکەوێت کە بۆی ناردووە، چونکە خوای گەورە خۆی زانایە وکاربەجێیە بەو شەریعەتانەی کە دەگونجێن بۆ مرۆڤـــ.

وەفەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە گوێڕایەڵی بێ باوەڕەکان و دووڕووەکان نەکات، بەڵکو پێویستە لەسەری یاساو بەرنامەی ئەوان رەت بکاتەوە، چونکە هەموو یاساو بەرنامەیەك لەلایەن خوای گەورەوە نەبێـت هیچ شتێك نی‌یە تەنها شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوو نەبێت، (وەشاراوە نی‌یە لەلای مرۆڤی ژیر کە فەرمان کردنی خوای گەورە

بە پێغەمبەرەکەی بە شوێن کەوتنی ئەو سروشە کە بۆی دێت فەرمان کردنە بە ئێمەیش کە شوێنی بکەوین)[٢].

## فەرمان کردنی خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بەگەیاندنو روونکردنەوەی ئەوەی کەبۆی دابەزیوە بۆ خەڵکی:

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٦٧ ﴾ [المائدة: ٦٧].

(ابن كثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: (خوای گەورە گفتوگۆ لەگەڵ بەندەو پێغەمبەرەکەی محمد ﷺ دەکات بەناوی پەیامەوە وەفەرمانی پێ دەکات بەگەیاندنی هەموو ئەوەی کە خوای گەورە پێیدا ناردوویەتی، وەپێغەمبەریش ﷺ گوێڕایەڵی کردووەو بەتەواوترین هەستان پێی هەستاوەو جێبەجێی کردووە). پاشان (ابن كثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموودەیەکی زۆری هێناوەتەوە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ هەموو شتێکی روون کردۆتەوە، لەوانە فەرموودەی عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) کە بە مەسروق دەفەرمووێت: (من حدّثك أن محمداً كتم شيئا مما أُنزل عليه فقد كذب)[٣]. واتە: هەرکەسێك پێی ووتی محمد ﷺ شتێکی شاردۆتەوە لەوەی کە بۆی دابەزیوە ئەوا درۆی کردووە، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ ﴾. (ابن كثير) لە (ابن عباس)

---

(٢) (الرسالة للإمام الشافعي).

(٣) (رواه البخاري: ٤٦١٢، ومسلم: ٢٨٧ والترمذي والنسائي).

دوه، رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەم ئایەتە: ﴿وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ﴾.واتە: ئەگەر ئایەتێك بشاریتەوە لەوەی كە بۆت دابەزیوە ئەوا پەیامی خوات نەگەیاندووە.وەخوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ﴾ [المائدة: ٦٧]. واتە: ئێمە قورئانمان بۆت دابەزاندووە كە بەسوننەتی خۆت بۆ خەڵكی روون بكەیتەوە، وە بۆ ئەوەی خەڵكی بیر بكەنەوە و پەندو ئامۆژگاری وەرگرن.

**(ابن كثیر)** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ﴿لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ﴾ دەفەرمووێت:

واتە: بۆ خەڵكی روون بكەیتەوە، چونكە تۆ زانیاریت هەیە بە مانای ئەوەی كە خوای گەورە دایبەزاندۆتە سەرت وەتۆ سوریت لەسەری، وە شوێنی دەكەویت، لەبەر ئەوەی ئێمەش دەزانین كە تۆ باشترین دروستكراوەكانی خوای گەورەی . وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٨٩﴾﴾ [النحل: ٨٩].واتە: ئێمە ئەم قورئانەمان دابەزاندۆتە سەرتۆ ئەی محمد صلى الله عليه وسلم كە هەموو شتێكی روون كردۆتەوە و هیدایەت و رەحمەتە بۆ بەندەكان وە موژدە دەرە بۆ موسڵمانان.

(ابن كثیر) دەربارەی ئەم ئایەتە لە ئەوزاعیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: قورئان روون كەرەوەیە بۆ هەموو شتێك، واتە: بەسوننەت.

ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)  لەپەرتوكی (الرسالة)دا دەفەرمووێت:

خوای گەورە شایەتی بۆ پێغەمبەر ﷺ داوە کە دەستی گرتووە بەفەرمانی خوای گەورەوە. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾﴾ [الشورى: ٥٢]. واتە: بەم شێوازە ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ بەسروش نارد کەتۆ پێشتر نەتدەزانی قورئان چیە، چونکە نەخوێندەوار بوویتە. هەروەها ماناى باوەڕو درێژی شەریعەتت نەدەزانی، بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان کرد بەڕوناکی و هیدایەتی هەر کەسێکی پێ دەدەین کە ویستمان لەهیدایەت دانی بێت، وەتۆیش ئەی محمد ﷺ هیدایەتی خەڵکی دەدەیت بۆ ڕێگای راستی پەروەردگارت .

وەئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە پەرتوکی (الرسالة) دا دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:(ماتركت شيئاً مما نهاكم الله عنه إلا وقد نهيتكم عنه)(٤) .

واتە: هیچ شتێکم بەجێ نەهێشتوە کە خوای گەورە قەدەغەی کردبێ لێتان ئیلا منیش لێتانم قەدەغە کردووە . ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ پەیامەکەی گەیاندووە بەتەواوەتی.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ۚ ﴿٣﴾﴾ [المائدة: ٣]. ئەم ئایەتە ڕۆژی هەینی لەعەرەفات لە حجه الوداع دابەزی وە لەسەر بۆچوونی زۆربەی زانایان دوا ئایەت بووە لە قورئان کە دابەزیوە.

---

(٤) (رواه الشافعي في المسند والبيهقي في السنن، راجع تحقيق العلامة أحمد شاكر للحديث في الرسالة وهو حديث صحيح).

واتە: ئەمڕۆ من دینەکەتانم تەواوکرد، وەئاشکرام کرد بەسەر هەموو دینەکانی تر، وە من نیعمەتی خۆم تەواو ڕژاند بەسەرتاندا (بەتەواو کردنی دین و ئازاد کردنی مەککە و زاڵ بوونتان بەسەر بێ باوەڕاندا) وەمن ڕازی بووم کە ئیسلام دینی ئێوە بێت تا کۆتایی دونیا.وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت:(ترکتكم على بيضاء نقية ليلها كنهارها لا يزيغ عنها إلا هالك)(٥).واتە: ئەی موسڵمانان من ئێوەم بەجێ هێشتووە لەسەر دینێکی ئاشکرای سپی پاك کە شەوەکەی وەکو ڕۆژەکەی روناکە، هیچ کەسێك لێی لانادات تەنها کەسێکی بەهیلاك چوو نەبێت.

وە لەحەجی ماڵ ئاواییدا فەرمووی: (اللهم هل بلغت! اللهم فاشهد)(٦).

واتە: خوایە ئایا دینم گەیاند بەخەڵکی! خوایە خۆت شاهید بە .

بەم شێوەیە دەزانین کە شەریعەتەکەمان یەك شەریعەتەو دوو شەریعەتی ئاشکراو نهێنی نییە هەروەکو چۆن هەندێك وا دەڵێن. وە ئەو فەرمودانەی لەم بارەیەوە هاتووە ئەوا هەڵبەستراوەو درۆیە لێرەدا بواری ڕوونکردنەوەیان نییە لەم بابەتە کورتەدا .

ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە پەرتوکی(الرسالة)دا دەفەرموویت:

(ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ کردوویەتی بەسوننەت و حوکمی خوای گەورەی تێدا نییە، ئەوا بە حوکمی خوای گەورە کردوویەتی بەسوننەت، وە خوای گەورە پێمانی ڕاگەیاندوە کە فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّكَ لَتَهْدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسْتَقِيمٖ ۝٥٢ صِرَٰطِ ٱللَّهِ﴾

---

(٥) (رواه أحمد وابن ماجة، وصححه الألباني في: صحيح سنن ابن ماجة: ٤١، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٩٣٧).

(٦) (صحيح مسلم: ١٢١٨).

## فەرمان كردن بەگوێڕایەڵی كردنی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ و ئاگادار كردنەوە لە سەرپێچی كردن:

خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾﴾ [الأحزاب: ٣٦] .

واتە: كاتێك كە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیار لەسەر شتێك دەدەن موسڵمانانی پیاو و ئافرەت بۆیان نیيە لەفەرمانی خواو پێغەمبەری خوا دەرچن وبەویستی خۆیان ئیش بكەن، وە هەر كەسێك سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ بكات ئەوا گومڕا بوونێكی ئاشكرا گومڕا بووە[٧] .

هەروەها دەفەرموویێت:﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُو۟لَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾﴾ [النساء: ٦٩] .

واتە: هەر كەسێك گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەر ﷺ بكات ئەوا لە بەهەشتدا لەگەڵ ئەو كەسانەدا دەبێت كە خوای گەورە بەخششی خۆی ڕژاندوە بەسەریاندا لە پێغەمبەرانو ڕاستگۆیان (ئەوانەی هەرچی لەلایەنی خواو پێغەمبەرەوە ﷺ هاتبێت بەڕاستیان داناوە) و شەهیدەكانو پیاو چاكان (ئەوانەی كردەوەی چاكیان ئەنجام داوە بەبەردەوامی) كە ئەمانەیش باشترین هاوڕێن كە مرۆڤــ هاوەڵایەتیان بكات[٨] .

---

(٧)

(٨)عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ خۆشەویست تری لەلای من لە خۆم و منداڵەكانم، وەكاتێك كە من لەماڵەوە بیری تۆم دەكەوێتەوە خۆم بۆ

وەدەفەرموویت:﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ٨٠ ﴾ [النساء: ٨٠] .واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکات ئەوا گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە، چونکە پێغەمبەر ﷺ لە خۆیەوە هیچ شتێك ناڵێت.

وە دەفەرموویت:﴿ لَّا تَجۡعَلُواْ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيۡنَكُمۡ كَدُعَآءِ بَعۡضِكُم بَعۡضٗاۚ قَدۡ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمۡ لِوَاذٗاۚ فَلۡيَحۡذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنۡ أَمۡرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمۡ فِتۡنَةٌ أَوۡ يُصِيبَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٦٣ ﴾ [النور: ٦٣] .واتە: کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ بانگتان دەکات بە جوانی وەڵامی بدەنەوە نەك وەکو وەڵامدانەوەی هەندێکتان بۆ هەندێکی ترتان، یاخود کاتێك کە ئێوە بانگی دەکەن مەڵێن ئەی محمد هەروەکو چۆن لەناو خۆتاندا بانگی یەکتری دەکەن، بەڵکو بەڕێزەوە بڵێن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، یاخود مانای ئەوەیە دوعای پێغەمبەر ﷺ وەکو دوعای خۆتان تەماشا مەکەن و بەگەورەی بزانن، چونکە دوعای ئەو لەلای خوای گەورە وەردەگیرێت ورەت ناکرێتەوە. وەخوای گەورە ئاگای لەو کەسانەیە کە خۆیان دەشارنەوە لە پاڵ موسڵمانناندا، بۆ ئەوەی پێغەمبەر ﷺ نەیانبینێت وخۆیان دەرباز بکەن لە نوێژ کردنی جومعە، یاخود لە کاتی جیهاد کردندا (واتە دوو ڕووەکان) ئەو کەسانەی کە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن

---

ناگیرێت هەتا دێم و تەماشات دەکەم، وەکاتێك یادی مردنی تۆو خۆم دەکەمە دەزانم کە تۆ پلەت بەرزترە لەگەڵ پێغەمبەراندا دەبێت . وەئەگەر من بچمە بەهەشتیشەوە لەوە دەترسم کەنەتبینم . پێغەمبەر ﷺ هیچ وەڵامی نەدایەوە هەتا جبریل ؑ ئەم ئایەتەی هێنایە خوارەوە (وەرگێڕ).

بائاگادار بن، چونکە خوای گەورە توشی فیتنەیان دەکات، واتە: کوفر ونیفاق و بیدعە، یاخود توشی سزایەکی بە ئێش وئازاریان دەکات لەدونیا بەکوشتن و بەند کردن.

ابن كثير (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت:﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ ﴾.

واتە: ئەوانەی سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن کە ئەویش ڕێگاو بەرنامەو سوننەت وشەریعەتەکەیەتی، وە وتەو کردەوە بە وتەو کردەوەکانی ئەو دەکێشرێت، ئەوەی یەك بێت لەگەڵ وتەو کردەوەی ئەودا ئەوا وەردەگیرێت وئەوەیشی بە پێچەوانەوە بێت ڕەت دەکرێتەوە بۆ سەر خاوەنەکەی هەرکەسێك بێت لێی وەرناگیرێت، هەروەکو چۆن لە صەحیحی بوخاری و مسلم و جگە لەوانیشدا هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: (من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد).

واتە: هەر کەسێك کردەوەیەك بکات و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا لێی وەرناگیرێتو ڕەت دەکرێتەوە بۆ سەر خاوەنەکەی. کەواتە: با ئاگاداربینو بترسین، هەرکەسێك سەرپێچی شەریعەتی پێغەمبەر ﷺ بکات بە ئاشکراو بەنهێنی ﴿ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ ﴾ واتە: لەدڵیاندا توشی کوفرو نیفاقو بیدعە دەبن، ﴿ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ واتە: لە دونیا توشی کوشتنو لێدانی حەددو بەند کردنو هاوشێوەی ئەمانە دەبن.

ئیمامی القرطبي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت:﴿ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ سەرپێچی کردنی پێغەمبەر ﷺ حەرامە، وە گوێڕایەڵی کردنی واجبە، وەفیتنە لێرەدا بریتییە لەکوشتن. ابن عباس رضي الله عنه وای فەرمووە، وە وتراوە: مۆر دانە لەدڵ بەهۆی خراپیو سەرپێچی کردنی پێغەمبەر ﷺ .

ئیمامی (الشاطبي) لەپەرتوکی (الإعتصام)دا، (١٣٢/١) دەفەرموویت:

(زوبەیری کوری بەککار دەفەرموویت: گویم لەمالکی کوری ئەنەس بوو پیاویك هات بۆلای وپێی وت: ئەی باوکی عبدالله، لەکوێوە ئیحرام بکەم؟ فەرمووی: له (ذو الحليفة) ەوە لەوشوێنەی کە پێغەمبەر ﷺ ئیحرامی کردووە. ئەویش وتی: من ئەمەوێت لەمزگەوتەوە ئیحرام بکەم . ئەویش فەرمووی: نەکەیت . ئەویش وتی: من ئەمەوێت ئیحرام بکەم لە مزگەوتەوە لە لای قەبرەکە. ئەویش فەرمووی: نەکەی چونکە من دەترسم توشی فیتنە بیت . ئەویش وتی: ئەمە چ فیتنەیەکی تێدایە؟ تەنها چەند میلێکە زیادی دەکەم. ئەویش فەرمووی: چ فیتنەیەك لەمە گەورەترە کە تۆ وابزانیت دەست پێشخەریت کردووە لەچاکەیەك کە پێغەمبەر ﷺ نەیکردووە، من گوێم لە خوای گەورە بووە دەفەرمووێت:﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ پاشان ئیمامی الشاطبي دەفەرمووێت: (ئەم فیتنەیەی کەوا ئیمامی مالیك τ لەتەفسیری ئەم ئایەتە باسی دەکات ئەمە حاڵی ئەهلی بیدعەو بنچینەکەیانە کە ماڵیانی لەسەر بنیات دەنێن ئەوان وادەبینن کە ئەوەی خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردووە، وە ئەوەی پێغەمبەر ﷺ کردوویەتی بەسوننەت کەمترەو لەخوار ئەوەوەیە کەعەقڵیان نیشانیانی داوە. وە لە هاوشێوەی ئەمەدا (ابن وضاح) لە ئیبن مەسعود رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:(لقد هديتم لما لم يهتد له نبيكم، وإنكم لمتمسكون بذنب الضلالة) .

واتە: ئێوە هیدایەت دراون بۆ شتێك کە پێغەمبەرەکەتانی بۆ هیدایەت نەدراوە، ئێوە بەدڵنیاییەوە دەستتان گرتووە بە کلکی گومڕاییەوە) کاتێك بەلای کەسانێکدا تێپەڕی کە پیاوێك کۆیانی کردبووەوە دەیوت: رەحمەتی خوا لە کەسێك بێت کەچەند جارو چەند

جار بلێت: (سبحان الله) خەڵکەکەش دەیان وت، پاشان دەیوت، ڕەحمەتی خوا لە کەسێك بێت کە چەند جارو چەند جار بلێت (الحمد لله) خەڵکەکەش دەیان وت[٩].

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (من أطاعني دخل الجنة ومن عصاني فقد أبى)[١٠].

واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵیم بکات ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، وە هەر کەسێك سەرپێچی فەرمانی من بکات ئەوا خۆی بەهەشتی نەویستووەو ڕەتی کردۆتەوە.

وە دەفەرمووێت: (لا ألفين أحدكم متكئا على أريكته يأتيه الأمر من أمري مما أمرت به أو نهيت عنه فيقول: لا أدري ما وجدنا في كتاب الله اتبعناه)[١١]. واتە: نەبینم یەکێك لە ئێوە پاڵداتەوە لەسەرلایەکانی وفەرمانێك لەفەرکانی منی بۆ بێت لەوەی فەرمانم پێ کردووە یاخود قەدەغەم کردووە وبلێت ئەمە نازانم تەنها شوێنی ئەوە دەکەوین کە لە قورئاندا ببینین.

---

(٩) (رواه الدارمي، وەسنەدەکەی صەحیحە وەك شێخ ئەلبانی دەفەرمووێت ).

(١٠) (رواه البخاري: ٧٢٨٠).

(١١) (رواه أحمد وأبو داود، والترمذي وابن ماجة، وصححه الألباني في: صحيح سنن أبي داود: ٤٦٠٥، وصحيح سنن الترمذي: ٢٦٦٣، و صحيح سنن ابن ماجة: ١٣ ).

# پێویستێتی شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەرﷺ(١٢):

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَٱذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِى بُيُوتِكُنَّ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلْحِكْمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا ﴿٣٤﴾ ﴾ [الأحزاب: ٣٤] .واتە: ئەی خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ یادی ئەو ئایەت و فەرموودانە بکەنەوە کە لەماڵی ئێوەدا دەخوێندرێتەوە وبڵاو دەبێتەوە، ئێوە پارێزگاری لێ بکەن بەخوێندنەوەو فێربوون و فێرکردن .

وە دەفەرمووێت:﴿ لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾ ﴾ ﴿آل عمران: ١٦٤﴾ .واتە: خوای گەورە بەخششی خۆی ڕژاندووە بەسەر باوەڕداراندا کاتێك کە پێغەمبەرێکی لەخۆیان بۆ ناردوون کە ئایەتەکانی بەسەریاندا دەخوێنێتەوە، وە پاکیان دەکاتەوە لەکوفرو هاوبەش بڕیاردانو تاوان، وە فێری قورئانو سوننەتیان دەکات هەرچەندە لە پێشتردا لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوون .

ئیمامی شافیعی لە پەرتووکی (الرسالة) دا دەفەرمووێت: خوای گەورە باسی (کتابی) کردووە کە بریتییە لە قورئان، وەباسی (الحكمة)ی کردووە، وەمن گوێم لێ بووە لە زانایانی قورئان کە لێیان ڕازیم دەیانفەرموو: الحكمة، سوننەتی پێغەمبەری خوایەﷺ.

---

(١٢) مەبەست لە سوننەت لێرە ئەو ڕێگایەیە کەوا پێغەمبەرﷺ لەسەری ڕۆیشتوە لە ڕوون کردنەوەی قورئان وجێبەجێ کردنی حوکمەکانی شەریعەت.

وەئەمەیش لەوە دەچێت کە خوای گەورە فەرموویەتی، والله اعلم، چونکە قورئان زیکرە وەحیکمەتیشی بەدواوە هێناوە، وەخوای گەورە باسی بەخششی خۆی دەکات بەسەر دروستکراوەکانی بەوەی کە قورئان وحیکمەتی فێریان کردووە، بۆیە دروست نی یە — والله اعلم — لێرەدا بوترێت حیکمەت جگە لە سوننەتی پێغەمبەری خوایەﷺ، چونکە لەگەڵ قورئاندا بەیەکەوە هاتوونە، وە خوای گەورە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی ﷺ پێویست کردووە، وە دەبێت خەڵکی شوێنی فەرمانی بکەون.

وەدروست نی یە بەهیچ وتەیەك بوترێت (فەرزە) جگە لە قورئانی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ . وەسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ روون کەرەوەی مانای ئەو بەڵگانەیە کە خوای گەورە لە تاك و کۆی دەوێت .. پاشان حیکمەتی لەگەڵ قورئانەکەیدا هێناوە، وە ئەم شتەی بۆ هیچ کەس لە دروستکراوەکانی نەکردووە جگە لە پێغەمبەرەکەیﷺ، وە پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: (**ألا إني أوتيت القرآن ومثله معه، ألا يوشك رجل شبعان على أريكته يقول عليكم بهذا القران فما وجدتم فيه من حلال فأحلوه، وما وجدتم فيه من حرام فحرموه، وإن ماحرم رسول الله ﷺ كما حرم الله**)(١٣). واتە: ئاگاداربن من قورئانم وەرگرتووەو هاوشێوەی خۆیشی لەگەڵدایە واتە (سوننەت)، ئاگاداربن نزیکە پیاوێك دابنیشێت لەسەر لایەکانی وبڵێت دەست بگرن بەم قورئانەوە ئەوەی بینیتان لەحەڵاڵ ئێوەش حەڵاڵی بکەن وەئەوەی حەرامە حەرامی بکەن، بەڵام بزانن ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ حەرامی کردووە وەکو ئەوە وایە کە خوای گەورە حەرامی کردووە .

(١٣) (رواه أبو داود وابن ماجة، وصححه الألباني في صحيح سنن أبي داود: ٤٦٠٤، وصحيح سنن ابن ماجة: ١٢، وصحيح الجامع الصغير: ٢٦٤٣).

وە دەفەرموویت: (**تركت فيكم أمرين لن تضلوا ما تمسكتم بهما: كتابَ الله وسنة رسوله**)[١٤]. واتە: دوو شتم لەناوتاندا بەجێ هێشتووە، گومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن، قورئانی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ .

لەجابرەوە رضي الله عنه دەفەرموویت: عومەری کوڕی خەتتاب رضي الله عنه پەڕێك لەتەوراتی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ وە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە پەڕەیەکە لەتەورات پێغەمبەر ﷺ بێ دەنگ بوو، ئیمامی عومەریش رضي الله عنه دەیخوێندەوەو رووی پێغەمبەری خوایش ﷺ دەگۆڕاو و تێك دەچوو. ابو بکر رضي الله عنه فەرمووی: ئەی دایکت تۆی لەبار بچێت نابینیت رووی پێغەمبەری خوا ﷺ چی لێ هاتووە؟ ئیمامی عومەریش رضي الله عنه تەماشای رووی پێغەمبەری ﷺ کردو فەرمووی: پەنا ئەگرم بە خوا لە توڕە بوونی خواو توڕە بوونی پێغەمبەرەکەی ﷺ رازی بووین بەپەروەردگارێتی الله وبەدینی ئیسلام و بەپێغەمبەرایەتی محمد ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرمووی:

(والذي نفس محمد بيده لو بدا لكم موسى حياً فاتبعتموه وتركتموني لضللتم عن سواء السبيل، ولو كان حيا وأدرك نبوتي لاتبعني)[١٥].

واتە: سوێند بەو خوایەی نەفسی محمدی ﷺ بەدەستە ئەگەر موسا ﷺ بەزیندویی دەرکەوێت بۆتان وئێوەش شوێنی بکەون و واز لەمن بهێنن ئەوا گومڕا دەبن لەڕێگەی ڕاست، وئەگەر ئێستا موسا زیندو بوایەو بگەیشتایە بە پێغەمەرایەتییەکەی من ئەوا شوێنم دەکەوت.

---

(١٤) (رواه مالك في الموطأ مرسلاً، وله شاهد بسند حسن أخرجه الحاكم، راجع مشكاة المصابيح: ١٨٦ بتحقيق المحدث العلامة شيخنا محمد ناصر الدين الألباني).

(١٥) (رواه احمد والدرامي وهو حديث حسن، راجع تحقيق مشكاة المصابيح: ١٩٤).

وە ئیمامی شافیعی لەپەرتوکی (الرسالة) دا دەفەرمووێت: (پێغەمبەری خوا ﷺ، لەگەڵ قورئانی خوادا سوننەتی داناوە. وەلەسوننەتەکەیدا شتی وا هەیە کە لە قورئاندا نەهاتوە، وە هەموو شتێکیشی کرد بێت بەسوننەت ئەوا خوای گەورە پەیوەستی کردوین بەشوێن کەوتنی، وەشوێن کەوتنی پێغەمبەری ﷺ کردووە بە گوێڕایەڵی کردنی خۆی، وەلادان لەشوێن کەوتنی کردووە بەسەرپێچی کردنی خۆی، کەواتە: عوزرو بیانوو لە هیچ کەس لە دروستکراوەکانی وەرناگرێت، وە ڕێگای سەرفرازی بۆ هیچ کەسێك نی‌یە ئەگەر شوێنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ نەکەوێت).

**ئیمامی شافیعی** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە پەرتوکی (الرسالة) دا زۆر لەم وتە جوانانەی فەرمووە، لەوانە دەفەرمووێت: (حوکمی خوا پاشان حوکمی پێغەمبەر ﷺ جیا ناکرێتەوە، بەڵکو لە هەموو حاڵەتێك پێکەوەن)، وەدەفەرموێت:

(هەر کەسێك شت لەپێغەمبەری خواوە ﷺ وەرگرێت، ئەوا لە خوای گەورەی وەرگرتووە، چونکە خوای گەورە گوێڕایەڵی ئەوی پێویست کردووە).

وەدەفەرمووێت: (پێویستە لەسەر هەموو کەسێك کە شتێکی بیست لە پێغەمبەری خواوە ﷺ یاخود جێگیر بوو بۆی لەوەوە ئەوا ئیشی پێ بکات هەتا ئەو کاتەی جگە لەمە دەبیستێت).

مانای ئەم وتەیە ئەوەیە کەوا دروست نی‌یە واز لە ئیش کردن بهێنرێت بەفەرمودەی صحیح بە بیانوی پەیوەست بوون بە مەزهەبەوە.

وە دەفەرمووێت: (ئەگەر سەرپێچی فەرموودەیەك بکەین کە جێگیر بوو بێ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەوا بەئومێدی ئەوەم کە ئەمەمان لێ نەگیرێت وە لۆمە نەکرێین

إن شاو الله، هەرچەندە ئەمە بۆ هیچ کەسێك نىیە (سەرپێچی فەرموودەیەك بکات)، بەڵام جاری واهەیە مرۆڤــ سوننەتەکە نازانێت و وتەیەك دەڵێت پێچەوانەی سوننەتەکە دەبێت نەك بەمەبەستەوە بیکات، هەروەها هەندێ جار مرۆڤــ بێئاگا دەبێت و هەڵە دەکات لە راڤە کردندا).

وە دەفەرمووێت: (سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دووڕوون: یەکێکیان دەقی قورئانە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ شوێنی کەوتووە هەروەکو چۆن خوای گەورە دایبەزاندووە، ئەوی تریان پێغەمبەری خوا ﷺ لە لایەنی خوای گەورەوە کە ئەوەی خوای گەورە ویستی لێ بوو بێت بەکورتی روونی کردۆتەوە، وەچۆنێتی فەرز بوونی روون کردۆتەوە گشتی بێت یاخود تایبەتی، وەچۆنی بویێت بەندەکان بۆی جێبەجێبکەن، وە لەهەردووکیاندا شوێنی قورئانی خوای گەورە کەوتووە...).

## فەرمان کردن بە گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیﷺ لەکاتی کێشەو دووبەرەکیدا:

خوای گەورە دەفەرموویت:﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾﴾ [الأحزاب: ٣٦] .

(ابن كثير) دەفەرموویت: (ئەم ئایەتە گشتىیە لەهەموو ئیش وکارێکدا، کاتێك خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیار بدەن بەشتێك بۆ هیچ کەس نىیە سەرپێچی بکات، وە لێرەدا هەڵبژاردن نىیە بۆ هیچ کەسێك وە نە بۆچون هەیە نە ووتە، (واتە نابێت هەبێت).

وەخوای گەورە دەفەرموویت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ وَأُو۟لِى ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ ۖ فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِى شَىْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴿٥٩﴾﴾ [النساء: ٥٩] .

(ابن كثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموویت: ﴿أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ﴾ واتە: شوێن قورئانەکەی بکەون، ﴿وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ﴾ واتە: دەست بەسوننەتەکەیەوە بگرن، ﴿وَأُو۟لِى ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ﴾ واتە: لەو شتانەی کە فەرمانتان پێ دەکەن لەگوێڕایەڵی خوای گەورەدا نەك لەسەرپێچی کردنیدا، چونکە هەروەك چۆن لەم فەرمودەیەدا هاتووە: (إنما الطاعة في المعروف)[١٦].واتە: تەنها گوێڕایەڵی لە چاکەدا دەبێت، ﴿فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِى شَىْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى

(١٦) (أخرجه أحمد، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٣٢٧، ٧٥١٩، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٨١).

ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ﴾ مجاهدو زیاتر لەیەکێك لە زانایانی سەلەف دەفەرموون، واتە: ئەگەر کێشەتان هەبوو لەهەر شتێکدا ئەوا بیگەڕێننەوە بۆ لای قورئانی خواو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، ئەمەیش فەرمان کردنێکە لەلایەن خوای گەورە بەوەی کە هەر شتێك خەڵکی کێشەیان هەبێت لەسەری لەبنچینەکانی دین بێت یاخود لە لقەکانی بیگەڕێننەوە بۆ لای قورئان و سوننەت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ﴾ [الشورى: ١٠]. واتە: لەهەر شتێکدا ئەگەر جیاوازیتان هەبوو ئەوا حوکمەکەی بگەڕێننەوە بۆ لای خوای گەورە تا بڕیاری لەسەر بدات.وەئەوەی قورئان وسوننەت بڕیاری لەسەر بداتو بەڕاستی دابنێت ئەوە حەقە وە لە پاش حەقیش چ شتێك هەیە جگە لەگومڕایی؟ بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ﴾. واتە: ئەگەر ئێوە بڕواتان بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر کەسێك لەکاتی دووبەرەکیدا حوکمەکەی نەگەڕێنێتەوە بۆ لای قورئانو سوننەت ئەوا باوەڕدار نییە بەخواو بە ڕۆژی دوایی.

﴿ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ ﴾ واتە: حوکم بردن بۆ لای قورئانو سوننەت وگەڕانەوە بۆلایان لەکاتی یەکلا کردنەوەی کێشەدا باشترە ﴿ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾ واتە: ئەمە باشترین ئەنجامو گەڕانەوەیە (بۆ لای قورئانو سوننەت). ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە پەرتوکی (الرسالة) دەفەرمووێت: (هەرکەسێك لە پاش پێغەمبەر ﷺ کێشەی هەبێت ئەوا دەبێت بیگەڕێنێتەوە بۆ لای بڕیاری خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەگەر ئەو بابەتە هیچ دەقێکی تێدا نەبوو بۆ بڕیاردان ئەوا قیاسی دەکەن لەسەر یەکێکیان).

وە دەفەرموویێت: (وە قیاس بریتی‌یە لەوەی کەداوا دەکرێت بە بەڵگە لەسەر گونجاندنی هەواڵی پێشتر لە قورئان یان سوننەت چونکە ئەمان زانیاری حەقن کە پێویستە بەدوایاندا بگەڕێیت).وەدەفەرموویێت: (پێویستە لەسەر هەر کەسێك کە فەرموودەی بیست بیلێێتو قسەی پێ بکات لەسەر گشتێتی وکورتی‌یەکەی هەتا بەڵگەی دەست دەکەوێت جیاوازی بخاتە نێوانیانەوە پێی). واتە: پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك ئیش بکات بەگشتێتی فەرموودە هەر کاتێك صحیح بێت هەتا بەڵگەیەك دەبینێت تایبەتی بکات. وە لە زۆر لەهاوەڵانەوە رضي الله عنه بە صحیحی هاتووە کە ئەوان وازیان لە بۆچون وبڕیاری خۆیان هێناوە لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ، هەروەها وازیان لەبڕیاری خەلیفە دەهێنا کاتێك فەرموودەیەکیان لە پێغەمبەرەوە ببینیایە کە پێچەوانەیەتی، ئەوە ئیمامی عومەرە رضي الله عنه بڕیار دەدات بەجیاوازی پەنجەکانی دەست لە سەندنی خوێندا بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە لەپەرتوکی (آل عمرو بن حزم): (وفي كل إصبع مما هنالك عشر من الإبل) [(١٧)] .

واتە: لەهەموو پەنجەیەکدا لەوێدا کە بفەوتێت ئەوا خوێنەکەی دە وشترە، وەکاتێك کە هاوەڵان رضي الله عنه ئەم فەرموودەیەیان زانی وازیان لەبڕیارەکەی ئیمامی عومەر هێنا رضي الله عنه وە بڕیاریاندا بەوەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە.

وەئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەپەرتوکی (الرسالة) لاپەڕە(٤٢٣) ئەم فەرموودەیە دەکات بە بەڵگەو دەفەرموویێت: (لەم فەرموودەیەدا دوو بەڵگە هەیە:

---

(١٧) (رواه الحاكم في المستدرك، وصححه الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٩٩٧، راجع تخريج المحدث العلامة الشيخ أحمد شاكر للرسالة: ص٤٢٣).

یەكێكیان وەرگرتنی فەرموودەی (الآحاد)ە، ئەوی تریشیان: وەرگرتنی فەرموودە لەو كاتەی كە جێگیر دەبێت، هەرچەندە ئیش نەكراوە لەلایەن پێشەوایانەوە بەوێنەی ئەم فەرموودەیە كەوا وەرگیراوە، وە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر یەكێك لەپێشەوایان ئیشیان بەمە بكردایە، پاشان فەرموودەیەكی دەست بكەوتایە لە پێغەمبەرەوە ﷺ پێچەوانەی كردەوەكەی، ئەوا ئیشەكەی خۆی بەجێ دەهێشت لەبەر فەرموودەكەی پێغەمبەر ﷺ، وەبەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ جێگیر دەبێت بەخۆی نەك بەكار كردنی جگە لە خۆی لەپاش خۆی. وەموسڵمانانیش نەیان وتووە ئیمامی عومەر رضي الله عنه بڕیاری داوە لەناوماندا بەپێچەوانەی ئەمە لەنێوان كۆچكەرەكان وپشتیوانەكان، وە ئێوەیش‌و جگە لە ئێوەیش نەتان وتووە لەلای ئێوە پێچەوانەی ئەمە هەیە بەڵكو راستەوخۆ چونە بۆ لای ئەوەی كە پێویستە لەسەریان وەری بگرن كەفەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ وە واز هێنان لەهەموو كردەوەیەك كە پێچەوانەی فەرموودە بێت. وەئەگەر ئەم فەرموودەیە بگەیشتایە بە ئیمامی عومەر رضي الله عنه ئەوا ئیشی پێ دەكرد – إن شاءالله–هەروەكو چۆن چووە بۆ لای ئەو فەرموودانەی كە پێی گەیشتوە لەپێغەمبەری خوا ﷺ وە ئیشیشی پێ كردووە بەهۆی لەخوا ترسانی‌یەوە وەهەستانی بەجێبەجێ كردنی ئەو پێویستی‌یەی كە لەسەری بووە لە شوێن كەوتنی فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ و زانیارییەكەی، هەروەها بەوەی كەوا هیچ كەس لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بۆی نی‌یە فەرمان دەركات، وەگوێڕایەڵی كردنی خوای گەورە بەشوێن كەوتنی فەرمانی پێغەمبەری خوا دەبێت ﷺ .

وەئەگەر کەسێك بڵێت: نمونەیەکم بۆ بهێنەرەوە کەوا ئیمامی عومەر ﵁ ئیشێکی کردبێت پاشان لێی لایدابێتو وازی لێ هێنا بێت لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ، منیش دەڵێم: ئەی ئەگەر بۆتم هێنایەوە و نیشانتم دا؟ ووتی: ئەگەر تۆ نمونەیەکم بۆ بهێنیتەوە ئەوا بەڵگەیە لەسەر دوو شت: یەکێکیان ئەوەیە کەوا ئەگەر سوننەت نەبێت ئەوا بە بۆچون شت دەڵێیت، ئەوی تریشیان ئەوەیە کەهەر کاتێك سوننەت بینرا پێویستە واز لەکردەوەو بۆچونی خۆت بهێنیت، وەپێویستە لەسەر خەڵکی واز لەهەموو کردەوەیەك بهێنن ئەگەر بینرا بەپێچەوانەی سوننەتەوەیە، وەبەتاڵ کردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو گومانەی کە سوننەت ئیشی پێ ناکرێت هەتا یەکێك دوای پێغەمبەر ﷺ ئیشی پێ نەکرد بێت [١٨].

وەزانراوە هیچ شتێك سوننەت لاواز ناکات ئەگەر پێچەوانەی بوو.

منیش دەڵێم: (واتە: ئیمامی شافیعی). (عومەری کوڕی خەتاب﵁) دەیفەرموو: خوێن دان لەسەر کەس وکاری بکوژەکەیە، وەئافرەتیش هیچ لە خوێنی پیاوە کوژراوەکەی نابات بەمیراتیو بەری ناکەوێت، هەتا (الضحاك بن سفيان)پێی ڕاگەیاند کە پێغەمبەری خوا ﷺ نامەی بۆ ناردووە کەوا: خێزانەکەی (اثيم الضبابي) لەخوێنی

---

(١٨) زانای پایەبەرز مامۆستا (احمد شاکر) کەتەحقیقی (الرسالة) ی کردووە دەفەرمووێت: (واتە: بەتاڵ کردنەوەی قسەی کەسێك کە بڵێت سوننەت وەرناگیرێت و ئیشی پێ ناکرێت هەتا لەپاش پێغەمبەر ﷺ کەسێك ئیشی پێ نەکردبێت ).

ئێمەش دەڵێین: واتە: پێویستە ئیش بە فەرموودە بکرێت هەر کاتێك صەحیح بوو هەرچەندە گەر نەیشزانین کەوا کەس لەزانایان ئیشیان پێ کردووە چونکە فەرموودە خۆی بەڵگەیە.

مێردەکەی بەردەکەوێت وبەمیراتی دەیبات. ئیمامی عومەریش τ لەقسەکەی خۆی گەڕایەوەو ئیشی بەفەرموودەکە کرد [١٩].

پاشان ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموودەکەی گاوس بۆ پرسیارکەرەکە دەهێنێتەوە کە ئیمامی عومەر رضي الله عنه فەرموویەتی: خوای گەورە یادی مرۆڤێك دەخەمەوە کەشتێکی لە پێغەمبەر ﷺ بیستبێت دەربارەی کۆرپەی ناوسك؟ حملی کوڕی مالکی کوڕی النابغە هەستاو فەرمووی: من دوو خێزانم هەبوو، یەکێکیان بەکۆڵەکەی خێمە لەوی تریدا کە سکی پڕ بوو منداڵەکەی بەمردوویتی دانا، پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاری دا بەندەیەك لەجیاتی بدرێت، ئیمامی عومەر τ فەرمووی: ئەگەر ئەمەم نەبیستایە ئەوا بەجگە لەمە بڕیارمان دەدا، وەجگە لەویش وتیان نزیك بوو لە نمونەی ئەمەدا بە بۆچونی خۆمان بڕیار بدەین.. [٢٠].

ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (ئیمامی عومەر τ گەڕایەوە لەو بڕیارەی کە دابوی لەبەر فەرموودەکەی (الضحاك) تا پێچەوانەی بڕیارەکەی خۆی کرد، وەهەواڵی پێ درا سەبارەت بەکۆرپەی ناوسك کەوا ئەگەر ئەمەی نەبیستایە ئەوا بە جگە لەمە بڕیاری دەدا. وەفەرمووی: نزیك بوو لەوێنەی ئەمەدا بە بۆچونی خۆمان بڕیار بدەین).

---

(١٩)

(٢٠) حەدیسەکە لێرەدا (مرسل)ە أحمد وأبو داود و ابن ماجة بە (متصل) ی گێڕاویانەتەوە، وە ئەمە صەحیحە، بڕوانە تەخریجی زانای پایەبەرز احمد شاکر بۆ (الرسالة)ل٤٣٨، وە بڕوانە: (صحيح سنن ابن ماجة: ٢٦٩١)، وصحيح سنن أبي داود: ٤٥٧٢، وە سەنەدەکەی صەحیحە.

دیسان ئیمامی شافیعی دەفەرموویت: (ڕای دەگەیەنێت –والله اعلم– کە لە سوننەتدا خوێنی مرۆڤێك سەد وشترە، وەکۆرپەی ناوسکیش یان ئەوەتا زیندووە ئەوکاتە ئەویش خوێنەکەی سەد وشترە، یاخود مردووە ئەو کاتە هیچ نییە، بەڵام کاتێك بڕیاری پێغەمبەری ﷺ پێ ڕاگەیەنرا تەسلیمی بوو، وهیچ شتێکی بۆ خۆی نەهێشتەوە جگە لە شوێن کەوتنی نەبێت لەو شتەی کە ئەم بەپێچەوانەیەوە بڕیاری لەسەر دابوو یاخود بۆچونێك بوو لەمەوە کە لەپێغەمبەری خواوە ﷺ هیچی پێ نەگەیشتبوو، بەڵام کاتێك کەپێی گەیشتو بینی کردەوەکەی ئەم پێچەوانەی سوننەتە یەکسەر ڕۆیشت بۆ لای حوکمی پێغەمبەری خوا ﷺ وە وازی لە حوکم وبڕیاری خۆی هێنا، هەروەها لەهەموو ئیشێکدا بەم شێوەیە بووە، وە خەڵکی پەیوەست دەکرد کە وابن.

زانای پایەبەرز (احمد شاكر) دەفەرموویت: (**ئیمامی شافیعی**) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەجیاوازی فەرموودەکەدا ئاماژەی بۆ فەرموودەکەی (**الضحاك وحمل بن مالك**) کردووە، پاشان لەلاپەڕەی (٢٠–٢١) دا دەفەرموویت: (وەهەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی فەرموودەیەك یەك کەس گێڕابێتی‌یەوە وەردەگیرێت ئەگەر ڕاستگۆ بێت لەلای ئەو کەسەی کە فەرموودەکەی پێ دەدات، وە ئەگەر دروست بوایە بۆ هەر کەسێك کە ئەم شتە ڕەت بکاتەوە بەهەر حاڵێك ئەوا دروست دەبوو بۆ ئیمامی عومەر رضي الله عنه کە بە (ضحاك) بڵێت: تۆ پیاوێکی خەڵکی(نجد)یت، وە بەحملی کوڕی مالك بڵێت: تۆ پیاوێکی خەڵکی (تهامة)یت کەمێك نەبێت پێغەمبەری خواتان ﷺ نەبینیوەو هاوەڵایەتیتان نەکردووە بەڵام من وئەوانەی لەگەڵمدا بوونە لەکۆچکەرەکان وپشتیوانەکان بەردەوام لەگەڵیدا بووینە. چۆن ئەم شتە لەئێمە وونو شاراوە بووەو تۆ زانیت، لەگەڵ ئەوەی

کەتۆ یەك کەسیت لەوانەیە هەڵە بکەیت ولەبیرت بچێتەوە؟ بەڵکو حەقی بینیو شوێنی کەوتو گەڕایەوە لە بۆچونی خۆی، لەوەی کەمیراتی نەدات بەئافرەت لەخوێنی مێردەکەی، وە لەکۆرپەی ناوسکیشدا بڕیاریدا بەوەی کەزانی کە ئامادەبوو پێی وت، وە ئەگەر لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هیچی نەبیستایە ئەوا بە جگە لە فەرموودەکە بڕیاری دەدا، وەکو بڵێی وای دەبینی کە ئەگەر کۆرپەی ناوسك زیندو بێت ئەوا خوێنەکەی سەد وشترە وە ئەگەر مردو بێت ئەوا هیچی بۆ نی‌یە، بەڵام خوای گەورە وای لەو و لە خەڵکیش کرد کە چۆنی ویست لێ بێت ئاوای بپەرستن لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ، بۆیە بۆ ئەو و بۆ هیچ کەسێکی تر نی‌یە کە (بۆچی؟) و (چۆن؟)بخەنە ناو دینەوە، یاخود هیچ شتێك لە بۆچوون بدەن بەسەر فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ، وە نەیشی گەڕانەوە بەسەر ئەو کەسەی کە ڕاستگۆیی دەزانی هەر چەندە یەك کەسیش بوو.

**وەخوای گەورەش دەفەرموێت:**

﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ [النساء : ٦٥] . پێشەوا (ابن كثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: خوای گەورە سوێند دەخوات بە نەفسی پیرۆزی بەڕێزی خۆی کەوا هیچ کەسێك باوەڕ ناهێنێ هەتا پێغەمبەر ﷺ نەکات بەحاکم لە هەموو ئیش و کارێکیدا، چونکە ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بڕیاری لەسەر بدات ئەوە حەقە، کە پێویستە خەڵکی ملکەچی بن بەنهێنی وئاشکرا، بۆیە لێرەدا خوای گەورە فەرمووی:﴿ ثُمَّ لَا

يَجِـدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ﴾. واتە: کە تۆیان کرد بەحاکم دەبێت گوێڕایەڵیت بکەن لەناوەوەیاندا، وەنابێت هیچ ناخۆشی لەدڵیاندا بێت لەوبڕیارەی کەتۆ داوتە، وە دەبێت ملکەچ بن بەنهێنی وئاشکرا، وە خۆیانت تەسلیم بکەن خۆ تەسلیم کردنێکی گشتی بەبێ بەرهەڵستی ورەت کردنەوەو بەربەرەکانی، هەر وەکو چۆن لەم فەرموویەدا هاتووە: (والذي نفسي بيده لايؤمن أحدكم حتى يكون هواه تبعا لما جئت به)[٢١].لێرەوە دووری ئەو کەسانەمان لەراستییەوە بۆ دەردەکەوێت کە دەمارگیریان هەیە بۆ مەزهەبەکان، چونکە ئەوان فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ رەت دەکەنەوە بەبێ هیچ بەڵگەیەك تەنها ئەوەندە نەبێت کەپێچەوانەی مەزهەبەکەیانە، وەکو بڵێی پێشەواکە یاخود مەزهەبەکە ئاگاداری هەموو سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ، یاخود مەزهەبەکە بڕیاردەرە بەسەر سوننەتدا، لەگەڵ ئەوەی کەپێویستە سوننەت بڕیاردەرو بالا دەست بێت بەسەر مەزهەبەکەدا.

با ئەم دەمارگیرانە بزانن کە ئەوان پێچەوانەن تەنانەت لەگەڵ وتەی پێشەواکەیشیاندا ئەوە ئیمامی شافیعییە (رەحمەتی خوای لێ بێت)لە پەرتوکی(الرسالة) دەفەرمووێت: (بەهۆی چاولێکردنی کوێرانەوە بێ ئاگابووە، ئەوەی بێ ئاگابووە لێیان خوای گەورە لە ئێمەو ئەوانیش خۆش بێت) وەدەفەرمووێت: (جاری وا هەیە مرۆڤ نەزان دەبێت بەرامبەر بە سوننەت ولەوانەیە وتەیەکی هەبێت پێچەوانەی سوننەت بێتو نەك بەقەستی ویستبێتی پێچەوانەی بکات، جاری واش هەیە مرۆڤ بێ ئاگا دەبێت وهەڵە دەکات لە

(٢١) (رواه النووي في اربعينه، وقد ضعفه شيخنا المحدث العلامة محد ناصر الدين الالباني، راجع مشكاة المصابيح: ١/ ٥٩ ط المكتب الإسلامي).

راڤه كردندا). وه دهفهرموويّت: (نازانین پیاویّك ههبیّت كه ههموو سوننهتی كۆكردبیّتهوه وهیچی لیّ نهرِۆیشتبیّت، وهئهگهر زانیاری ههموو زانایان كۆكرابیّتهوهو ئهم پیاوهیش هیّنابیّتی ئهو كاته زالّ بووه بهسهر سوننهتدا وهمووی كۆكردۆتهوه، وهئهگهر زانیاری ههریهك لهزانایان لهلای خۆی بیّت ئهوا ئهو كاته شتیّكی زۆر رۆیشتوه لهو پیاوه، پاشان ئهوهیشی كه لهم رۆیشتوه لهلای یهكیّكی تر ههیه، ئهمانیش لهزانستدا چهند چینیّكی جیاوازن، ههیانه لهزانایان زۆربهی سوننهتی كۆكردۆتهوه ههرچهنده ههندیّكی لیّ رۆیشتوه، وهههیانه كۆكهرهوهی كهمترینی ئهوهیه كه جگه لهم كۆیان كردۆتهوه، وه ئهوهی كه كۆكهرهوهی زۆرترینی سوننهتهو كهمیّكی لیّ رۆیشتوه بهلّگه نییه لهسهر ئهوهی كهداوای بكات لهلای زانایانی جگه لهچینهكهی خۆی، بهلّكو لهلای زانایانی هاوشیّوهی خۆی بهدوایدا دهگهرِیّت و داوای دهكات ههتا دهستی دهكهویّت وههموو سوننهتی پیّغهمبهر ﷺ كۆدهكاتهوه بهدایك وباوكمهوه بهقوربانی بم، ئهو كاته كۆمهلّیّك لهزانایان ههر كهس بۆ خۆی كۆی دهكاتهوه كه پله پلهن و لهیهك ئاستدا نین لهوهی كه تیّیگهیشتون)[٢٢] . وهزانای پایهبهرز مامۆستا (احمد شاكر )لهسهر ئهم وتهیه دهدویّت و دهفهرموویّت: (ئهم شتهی كه ئیمامی شافیعی فهرموویهتی دهربارهی سوننهت تیّرِوانینیّكی دوورو لیّكۆلّینهوهیهكی وردكارو بینینیّكی فراوانه لهسهر ئهوهی كه زانایان كۆیان كردۆتهوه له سوننهت لهسهردهمی خۆی وسهردهمی پیّش خۆی، كه لهو كاتهدا دیوانی سوننهتهكان كۆنهكرابوونهوه، تهنها كهمیّك نهبیّت، كهزانایان كۆیان كردبووهوه لهوهی كه ریوایهتیان كردبوو پاشان زانا (حفاظ)هكان سهرقالّی كۆكردنهوهی

---

(٢٢) (الرسالة: ص ٤٣).

سوننەتەکان بوونە لە پەرتوکە گەورەو بچوکەکاندا، ئیمامی احمدی کوڕی حەنبەل – قوتابی ئیمامی شافیعی–(مسند)ە گەورە ناسراوەکەی دانا وە وەسفی دەکردو دەیفەرموو: (ئەم پەرتوکەم کۆکردۆتەوە وپوخت کردووە لەزیاتر لەحەوت سەدو پەنجا هەزار (٧٥٠.٠٠٠) فەرموودە، جا ئەگەر موسڵمانان جیاوازیان هەبوو لەفەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بابگەڕێنەوە سەری، ئەگەر تێیدا بوو ئەوا تەواوە ئەگەرنا ئەوا بەڵگە نیە وفەرموودە نیە، لەگەڵ ئەمەیشدا زۆر فەرموودەی صەحیحی لەدەستی چووەو لێی ڕۆیشتوە، وە لە صەحیحی بخاری ومسلم چەندەها فەرموودەی تێدایە کە لە (المسند) دا نەهاتووە، وە زانایانی(الحفاظ) شەش پەرتووکەکەیان داناوە کە زۆر فەرموودەی تێدایە کە لە (المسند) دا نییە، وە هەموویان لەگەڵ (المسند) دا زۆربەی سوننەتیان تێدایە، بەڵام جێگای هەمووی تێدا نەبۆتەوە وهەمووی نەگرتۆتە خۆی، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەوەی تێیدایە لەفەرموودە کۆی بکەینەوە لەگەڵ ئەو فەرموودانەی تر کە لە پەرتووکەکانی تردا هاتووە (بەناوبانگەکان) وەکو: (مستدرك الحاكم، والسنن الكبرى للبهيقي، والمنتقى لابن جارود، وسنن الدارمي، ومعاجم الطبراني الثلاثة، ومسند أبي يعلى والبزاز)، ئەگەر ئەو فەرموودانەی کەوا لەم پەرتوکانەدا هاتووە کۆی بکەینەوە، ئەو کاتە سوننەتەکانمان هەموو وەرگرتووەو دەست کەوتووە إن شاو الله، وەزیاتر گومان ئەوەیە کە هیچ لەسوننەتەکانمان لەدەست نەچووە، بەڵکو نزیکە بڵێین هەموویەتی، ئەمەیش مانای وتەکەی ئیمامی شافیعییە (ئەگەر زانیاری هەموو زاناکان کۆبکاتەوە ئەو کاتە هەموو سوننەتی کۆکردۆتەوە)وە وتەکەی تری (زانایان یەك یەك کۆیان کردۆتەوە) وەکو بڵێی

ئیمامی شافیعی بەتێڕوانینەوە ووتویەتی پێش ئەوەی بەنوسین لێی بكۆڵێتەوە بەكردار — لله درة).

وە پرسیارم كرد لەزانای پایە بەرزمان(محمد ناصر الدين الالباني)سەبارەت بە وتەكەی پایە بەرز احمد شاكر بۆچونی چیە ئەویش فەرمووی: (ئەوەی مامۆستا احمد شاكر باسی كردووە لەپەرتوكی حدیپ گومانی زیاتر ئەوەیە كەهەموو سوننەتیان نەگرتۆتەخۆ، چونكە جگە لەمانە پەرتوكی ترهەیە كە گرنگی خۆیان هەیەو مامۆستا احمد باسی نەكردوون وەكو صحيح ابن خزيمە، صحيح ابن حبان، مصنف ابن ابی شيبە وموسنەدەكەی، ومصنف عبدالرزاق، جگە لەمانە پەرتوكی تر). ئێمەیش دەڵێین: هەر پێشەوایەك یاخود مەزهەبێك كەزانیاری بەهەموو سوننەت نەبووە جەخت لەسەر پێویستێتی فرێ دانی چاولێكەری كوێرانە دەكات هەركاتێ: سوننەتی صحيح هەبوو، وە ئەمە رێگای رزگاری‌یە لەجیاوازی.

وە پێغەمبەرﷺسەبارەت بە پێویستێتی دەست گرتن بەسوننەتەوە لەكاتی جیاوازی دا دەفەرموێت:

(وإنه من يعش منكم فسيري اختلافاً كثيرا، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين، تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ، وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة)[٢٣].

واتە: هەر كەسێك لە ئێوە بژی لە پاش من ئەوا جیاوازی‌یەكی زۆر دەبینێت، لەوكاتەدا دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی هەرچوار جێنیشینە راستە هیدایەت

---

(٢٣) (رواه أحمد وأبو داود والترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح سنن أبي داود: ٤٦٠٧، وصحيح سنن الترمذي: ٢٦٧٦، وصحيح سنن ابن ماجة: ٤٠).

دراوەکان، دەستی پێوەبگرن و بەکەڵبەکانتان قەپی لێ بگرن[٢٤] وەئاگادارتان دەکەمەوە لەو داهێنراوانەی کە لەدیندا داهێنراون، چونکە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە، وەهەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە

## * ترسناکی چاو لێکەری کوێرانە کە هۆی جیاوازیە و زەمکراوە:

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَـٰزَعُوا۟ فَتَفْشَلُوا۟ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ۖ وَٱصْبِرُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿٤٦﴾﴾ [الأنفال: ٤٦] . واتە: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر ﷺ بکەن و لە قسەیان دەرمەچن، وە جیاوازی لە بۆچونتاندا نەبێت، چونکە دەبێتە هۆی هەرەسهێنان وسەرنەکەوتنتان، وە هێزو تواناو سەرکەوتنتان ناهێڵێت، وە ئارامگربن بەڕاستی خوای گەورە لەگەڵ ئارامگراندایە[٢٥].

---

(٢٤) واتە توند بیگرن و هیچی لێ بەرمەدەنەوە وەکو بڵێی پێغەمبەر ﷺ بەسروش پێی وتراوە کە موسڵمانان پشت لە سوننەت دەکەن و دەستی لێ بەردەدن.

(٢٥) لەگەڵدابوونی خوای گەورە (معية الله) سێ جۆرە: گشتیو تایبەتیو تایبەتی تایبەت:

لەگەڵدابوونی گشتی: خوای گەورە بەگشتی لەگەڵ هەموو دروست کراوەکانیدایە بەزانیاریو بیستنو بینینو تواناو دەسەڵاتو ویستی خۆی .

لەگەڵدابوونی تایبەتی: خوای گەورە بەتایبەتی لەگەڵ خواناسان وئارامگران وڕاستگۆیان وچاکەکاران و.... هتد دایە بەوەی کەیارمەتی وکۆمەکیان دەکات وپشتیان دەگرێت وسەریان دەخات .

لەگەڵدا بوونی تایبەتی تایبەت: ئەوەیە کە خوای گەورە بە ناوهێنان ناوی ئەو کەسانە بهێنێتو بە تایبەت تر لەگەڵیاندا بێت، وەکو کاتێك کە موسیو هارون دەنێرێت بۆ لای فیرعەون پێیان دەفەرمێت: ﴿إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى﴾، وەلەناو ئەشکەوتی(ثور) لە کاتی کۆچ کردن بۆ مەدینە ئەبو بەکرآ بە پێغەمبەر ﷺ

خوای گەورە پێمانی ڕاگەیاندوە کە جیاوازی بیرو بۆچون و ناکۆکی هۆیە بۆ لاوازی، وەهیچ کاتێك ناکۆکی وجیاوازی بیرو بۆچون نابێت ئەگەر ئێمە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرﷺ بکەین بە دادوەرو بڕیاردەر، بەڵکو کاتێك کێشەو ناکۆکی وجیاوازی بیروبۆچون دەبێت کە هەر مرۆڤێك دەمارگیر بێت بۆ بۆچونی خۆی، یاخود بۆچونی ئەوەی کە چاوی لێ دەکات بەبێ تەماشا کردنی بەڵگە، بۆیە هاوەڵانمان رضي الله عنه دەبینی کەسیان چاویان لەکەسیان نەدەکرد لە هەموو بابەتەکاندا، کەسیان بەکری و عومەری نەبوون، وەهەروەها هەر چوار پێشەواکەیش (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) وە جگە لەوانیش، دەمارگیر نەبوونە بۆ بۆچونەکانیان، بەڵکو وازیان لە بۆچونی خۆیان دەهێنا لەبەر فەرمودەی پێغەمبەرﷺ وە قەدەغەی جگە لە خۆیان دەکرد لەوەی کەچاو لەمان بکەن بەبێ زانینی بەڵگەکە، وە ئەمە هیچ سەرسوڕهێنەر نییە چونکە ئەوان باشترین خەڵك بوونە، هەر وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت:(خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم)[٢٦].واتە: باشترینی خەڵك ئەو کەسانەن کە لەسەردەمی مندا دەژین (واتە: هاوەڵان رضي الله عنه) پاشان ئەوانەی لە پاش هاوەڵان دێن (واتە شوێن کەوتوان) پاشان ئەوانەی لە پاش شوێن کەوتوان دێن (واتە شوێن کەوتوانی شوێن کەوتوان رضي الله عنه) .

---

دەفەرمێت: ئەگەر یەکێك لە بێباوەڕان تەماشای پێی خۆی بکات ئەوا دەمانبینێتو دەماندۆزنەوە، پێغەمبەرﷺ پێی دەفەرمێت: ﴿لا تَحْزَنْ إِنَّ اللهَ مَعَنَا﴾، کە ئەم لەگەڵدا بوونە تەنها بۆ ئەم چوار کەسە لە قورئاندا جێگیر بووەو باسکراوە. وەرگێڕ.

(٢٦) (رواه البخاري: ٦٤٢٩)، و(مسلم: ٢٥٣٣-٢١٢).

ئەمان ووتەو كردەوەی خۆیان ناخستە پێش ووتەی خواو پێغەمبەرەوە ﷺ، وپێچەوانەی هەڵسوكەتیان ناكرد، وە بەكەڵبەكانیان قەپیان لە سوونەتی پێغەمبەرﷺ دەگرت (واتە: بە توندی و ڕێك وپێكی دەیان گرتو وازیان لە هیچی نەدەهێنا) هەروەكو چۆن لەفەرمودەكەیدا ئامۆژگاری كردووین كە دەفەرمێت:

(فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ، وإياكم ومحدثات الأمور، فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة)[٢٧].

وە شاراوە نی‌یە كەهەموو كردەوەیەك لەسەر سوننەت نەبێت بیدعەیە، و دروست نی‌یە بۆ مرۆڤـــ پەیوەست بێت پێوەی ئەگەر لە پێشەوایەكی بەڕێزیشەوە دەرچوبێت، لەبارەی ئەمەوە شیخ الآسلام ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرمێت: (بەڵكو خەڵكی واهەیە وێڵ دەبێت لە حەق و مەبەستیشی حەقە، و گەڕاوە بە دوایداو نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە ئەمە سزا نادرێت) وە لەوانەیە هەندێ لەوانەی فەرمانی پێ كراوە جێبەجێی بكات ئەو كاتە پاداشتی هەیە لەسەر هەوڵو كۆشش وگەڕانی بەدوای حەقدا، وە هەڵەكەیشی كە تێیدا گومڕا بووە لە ڕاستێتی شتەكە لێخۆشبووە، وە زۆر لە كۆشش كەرانی سەلەفو خەلەف ووتەو كردەوەیان هەبووە كە بیدعە بووە بەڵآم نەیانزانیوە كە بیدعەیە، یان لەبەر ئەوەی فەرمودەكە لاواز بووە ئەمان وایانزانیوە كە صەحیحە، یاخود لەبەر چەند ئایەتێك كە بەشێوەیەك لێی تێگەیشتون كەمەبەست ئەوە نەبووە، یاخود لەبەر بۆچونێك كەوایان بینیوە كە ڕاستە یاخود لەو بابەتەدا دەق هەبووەو بەمان نەگەیشتوە، وە ئەگەر مرۆڤـــ بەگوێرەی توانای خۆی لە خوا بترسێتو خۆی بپارێزێت ئەوا ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە كە خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ

(٢٧) (صحيح سنن أبي داود: ٤٦٠٧)، و(سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٧٣٥) .

أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ ﴾ [البقرة: ٢٨٦] . واتە: ئەی پەروەردگارمان لێمان مەگرەو سزامان مەدە ئەگەر هەر شتێکمان لەبیر چوو یاخود هەڵەمان کرد، وە لە (صحيح البخاري ومسلم)دا هاتوە کە خوای گەورە لەوەلاَمدا فەرموویەتی: (ئەوا ڕازی بووم )[٢٨] .

هەروەها ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەمارگیری نەبووە بۆ کەسێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ کاتێك، بەڵکو کاتێك پرسیاری لێ کرا: ( ئەگەر ووتەکانی پێغەمبەری خوامانﷺ بینی جیاوازی هەبوو لە نێوانیاندا چی بکەین؟)

فەرمووی: (دەچی بۆ لای ئەو ووتەیە کە هاوتایەو دەگونجێت لەگەڵ قورئان یاخود سوننەت یاخود یەکدەنگی زانایان[٢٩] یاخود ئەگەر ڕاستترین بێت لە قیاسدا ئەوەیان وەردەگرین) .

هەر لە پەرتوکی (الرسالة)دا دەفەرمێت: ( قیاس حەڵاڵ نی‌یە ئەگەر فەرموودەی پێغەمبەرﷺ هەبێت ... هەروەها ئەوەی پاش سوننەت دەبێت بە بەڵگە ئەگەر لە سوننەتدا نەبوو، هەروەها دەفەرمێت: (بۆ هیج کەسێك نی‌یە لەخوار پێغەمبەرەوە ﷺ هیچ شتێك بڵێت تەنها بەبەڵگەوە نەبێت وە نابێت بەپێ باش بوونی خۆی شت بڵێت، چونکە ئەگەر بەپێ باش بوونی خۆی شت بڵێت ئەوا شتێکی داهێناوە کەپێش تر نەبووە) خوای گەورەیش دەفەرمێت:

---

(٢٨) (صحيح سنن الترمذي: ٢٩٩٢) .

(٢٩) لەوانەیە مەبەستی ئەو یەك دەنگی‌یە بێت کە لە پاش جیاوازی هاوەڵان بەستراوە .

﴿ لَّا تَجۡعَلُواْ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيۡنَكُمۡ كَدُعَآءِ بَعۡضِكُم بَعۡضٗاۚ قَدۡ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمۡ لِوَاذٗاۚ فَلۡيَحۡذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنۡ أَمۡرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمۡ فِتۡنَةٌ أَوۡ يُصِيبَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٦٣ ﴾ [النور: ٦٣][٣٠].

وەشاراوە نىيە لەلای کەسێکی هۆشمەند کە ئەو کەسەی دەمارگیری هەیە بۆ مەزهەب لەگەڵ بوونی بەڵگەی صەحیح کە پێچەوانەی مەزهەبەکە بێت ئەوا ئەو کەسە بانگ کردن وفەرمانی پێغەمبەری ﷺ وەکو بانگ کردن وفەرمانی خەڵکی تر تەماشا کردووە، بەڵکو ووتەی مەزهەبەکەی پێش خستوە بەسەر ووتەی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴾ [الحجرات:١].واتە: ئەی باوەڕداران ووتەو فەرمانی کەس مەخەنە پێش دەستی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ وە لە خوا بترسن، چونکە خوای گەورە بەڕاستی بیسەرو زانایە بەکردەوەکانتان .

(عبداللە)ی کوڕی (عباس) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمێت: واتە: بە پێچەوانەی قورئانو سوننەت هیچ شتێك مەکەن ومەڵێن .

وە خوای گەورە دەفەرمێت:﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوۡلَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ أَن يَقُولُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٥١ ﴾ [النور: ٥١] . واتە: کاتێك باوەڕداران بانگ بکرێن بۆ لای خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی کە بڕیار بدەن لە نێوانیاندا نابێت هیچ ووتەیەکیان هەبێت تەنها ئەوە نەبێت کە بڵێن فەرمانی خواو پێغەمبەرمانﷺ بیست

---

(٣٠) (الرسالة ).

وگوێڕایەڵین بۆیان وملکەچی فەرمانیانین، وە هەر کەسێك ئەمە وەلاَم و سیفەتی بێت ئەوا سەرکەوتوە لە دونیاو قیامەتدا.

وە دەفەرمێت: ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخْشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴿٥٢﴾ ﴾ [النور: ٥٢] . واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەیﷺ بکات ولەخوا بترسێتو خۆی بپارێزێت ئەوا ئەو کەسانە سەرفرازو سەرکەوتون. بۆیە سەلەفی صالح (خوایان لێ ڕازی بێت) زۆر بە توندی دەستیان دەگرت بە سوننەتی پێغەمبەری خواوەﷺ، وە هەموو ووتەیەکیان ڕەت دەکردەوە کە پێچەوانەی سوننەت بێت ٠

وەبینیمان کە چۆن هەرچوار پێشەواکە وەجگە لەوانیش لەپێشەوایانی هیدایەت (خوایان لێ ڕازی بێت) بە ئاشکرا ووتویانە پێویستە دەست بگیرێت بە فەرموودەوە ئەگەر صەحیح بێت وە ئەوە ووتەی ئەوانە کە بەهیچ شێوەیەك پێچەوانەی فەرمودەیان ناکرد. وەخەڵکیان دور دەخستەوە لە چاولێکردن، ئەوە ئیمامی (مالك)ە ڕازی نەبوو کە خەڵك لەسەر پەرتوکەکەی (الموطأ) کۆبکرێتەوەو فەرمووی: (إنَّما أنا بشر أخطيء وأصيب فانظروا في رأيي فكل ما وافق الكتاب والسنة فخذوه، وكل مالم يوافق الكتاب والسنة فاتركوه )[٣١].

واتە: من تەنها مرۆڤم هەڵە دەکەم و ڕاستیش دەکەم جا ئێوە تەماشای بۆچونەکانم بکەن ئەوەی لەگەڵ قورئان وسوننەتدا گونجا ئەوا وەری بگرن، ئەوەیشی لەگەڵ قورئان وسوننەتدا نەگونجا ئەوا وازی لێ بهێننو وەری مەگرن).

---

(٣١) بۆ ئەم ووتەیە وئەوانەی تریش کەلە دواتر دێن تەماشای: "جامع بيان العلم" و "إيقاظ الهمم" و پێشـەکی : "صفة صلاة النبي ﷺ" بکە٠

وە فەرموویەتی:

( لیس أحد بعد النبي ﷺ إلاَّ ويؤخذ من قوله ويترك إلاَّ النبي ﷺ).

واتە: هیچ کەسێك نی یە لەپاش پێغەمبەرﷺ ئیللا هەندێ لە قسەکانی وەردەگیرێت و هەندێکی تری ڕەت دەکرێتەوە تەنها پێغەمبەرﷺ نەبێت کەهەموو قسەکانی وەردەگیرێت، چونکە پارێزراو بووە لە هەڵە لەلایەنی خوای گەورەوە ٠

پێشەوا (أبوحنيفة) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (إذا صح الحديث فهو مذهبي) . واتە: ئەگەر فەرموودەی صەحیح تان بینی ئەوە مەزهەبی منە ئیشی پێ بکەن ٠ وە فەرموویەتی:(لا يحل لأحد أن يأخذ بقولنا مالم يعلم من أين أخذناه).

واتە: حەلاڵ نی یە بۆ هیچ کەسێك کە قسەی ئێمە وەربگرێت و ئیشی پێ بکات هەتا نەزانێت لەکوێوە وەرمان گرتووە و بەڵگەمان چی یە٠

لە ڕیوایەتێکی تردا فەرموویەتی: (حرام على من لم يعرف دليلي أن يفتي بكلامي، فإننا بشر نقول القول اليوم ونرجع عنه غداً)٠واتە: حەرامە لەسەر کەسێك کە بەڵگەکەم نەزانێت و بەقسەکەی من فەتوا بدات، چونکە ئێمە مرۆڤین ئەمڕۆ قسەیەك دەکەین و سبەینێ لێی دەگەڕێینەوە ئەگەر بزانین هەڵەیە ٠

ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) زۆری فەرمووە سەبارەت بەبانگەواز کردن بۆ دەست گرتن بە سوننەتەوە، پێشتر هەندێ لە ووتەکانیمان باس کرد، ئێستایش هەندێکی تری دەهێنینەوە، خوا پایەداری بکات چۆن پێشەوایەك بووە، زۆر بەجوانی تێی ڕوانە. فەرموویەتی: ( ما من أحد إلاَّ وتذهب عليه سنة رسول الله ﷺ وتعزب عنه، فمهما قلت من قول أو أصَّلْتُ من أصلٍ فيه عن رسول الله ﷺ خلاف ما قلت فالقول ما

قال رسول الله ﷺ وهو قولي ) ٠واتە: هیچ كەسێك نیە ئیللا سوننەتی پێغەمبەری خوای ﷺ لێ دەڕوات ولێی ون وشاراوە دەبێت، بۆیە من هەر ووتەیەكم ووت یاخود هەربنەمایەكم دامەزراند كە فەرمودە لە پێغەمبەری خواوەﷺ هەبوو پێچەوانەی ووتەكەی من ئەوا ووتە ووتەی پێغەمبەری خوایە ﷺ ئەوە وەربگرن ئەوە ووتەی منە٠

وە فەرموویەتی: (أجمع المسلمون على أنَّ من استبان له سنة عن رسول الله ﷺلم يحل له أنْ يدعها لقول أحد) . واتە: زانایانی موسڵمانان یەكدەنگن لەسەر ئەوەی كە هەر كەسێك ئەگەر سوننەتێكی پێغەمبەری ﷺبۆ دەركەوێت و ئاشكرا بوو ئەوا حەلاڵ نیە بۆی وازی لێ بهێنێت لەبەر قسەی هیچ كەسێك .

وە فەرموویەتی: (إذا وجدتم في كتابي خلاف سنة رسول الله ﷺ فقولوا بسنة رسول الله ﷺ ودعوا ما قلت) ٠واتە: ئەگەر لەپەرتوكی مندا شتێكتان بینی پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەوا واز لە قسەی من بهێنن وسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وەربگرن وئیش پێ بكەن ٠

وە فەرموویەتی: (كل مسألة صح فيها الخبر عن رسول الله ﷺ عند أهل النقل بخلاف ما قلت، فأنا راجع عنها في حياتي وبعد موتي) ٠واتە: هەموو بابەتێك كەفەرمودەی صەحیح هەبێت دەربارەی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ لەلای فەرمودە ناسان بە پێچەوانەی ئەوەی كە من ووتومە، ئەوا من گەڕاومەتەوە لێی لەژیانمو لەپاش مردنیشم.

وە فەرموویەتی: (كل ما قلت فكان عن النبي ﷺ خلاف قولي مما يصح فحديث النبي ﷺ أولى فلا تقلدني)٠واتە: هەرچی شتێك كەمن ووتبێتم و فەرموودەی صەحیح لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتبێت پێچەوانەی ووتەكەی من ئەوا فەرموودەی پێغەمبەرﷺ لە

پێشترە و شایانترە وەری بگرەو چاولێکەری من مەکە )، وە پێشەوا (المزني) قوتابی ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) لەسەرەتای کورتکراوەی پەرتوکی (الأم)دا دەفەرمێت: (ئەم پەرتوکەم کورت کردۆتەوە لە زانیاری محمدی کوڕی ئیدریسی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وە لەمانای ووتەکانی تا نزیکی بکەمەوە بۆ هەر کەسێك کەویستی لێ بێت، لەگەڵ ئاگادار کردنەوەی لەوەی کە بەرهەڵستی ئەوەی کردووە کەخەڵکی چاو لەو وجگە لەو بکەن بەڵکو با تەماشای بکەن بۆ دینەکەیان و بۆ خۆیشیان ئاگاداربن وبالله التوفيق).

فەرموو ئێستایش هەندێ لە ووتەکانی ئیمامی (أحمد) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) باس دەکەین:

فەرموویەتی:

(لا تقلدني ولا تقلد مالكاً ولا الشافعي ولا الأوزاعي ولا الثوري وخذ من حيث أخذوا).

واتە: نە لاسایی من بکەنەوە نە لاسایی مالیكو شافیعیو ئەوزاعیو پوری بکەنەوە بەڵکو ئەوان لە کوێوە وەریان گرتوە ئێوەیش لەوێوە وەری بگرن، واتە: لە قورئان وسوننەتەوە شت وەربگرن .

وە دەفەرمێت: (رأي الأوزاعي ورأي مالك ورأي أبي حنيفة كله رأي، وهو عندي سواء، وإنَّما الحجة في الآثار) .

واتە: بۆچونی ئەوزاعی و بۆچونی مالیك و بۆچونی ئەبو حەنیفە هەمووی بۆچونە لای من جیاوازی نیە وهەمووی یەکە، تەنها بەڵگە لە شوێنەوار دایە، واتە: لە فەرموودەی پێغەمبەرﷺ.

وه فه‌رموویه‌تی: (من ردَّ حديث رسول الله ﷺ فهو على شفا هلكة).

واته: هه‌ركه‌سێك فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ وه‌رنه‌گرێت وره‌تی بكاته‌وه ئه‌وا له‌سه‌ر لێواری به هیلاك چوندایه).

وه له‌م ووتانه‌دا ده‌ست گرتنێكی گه‌وره هه‌یه به سوننه‌تی پێغه‌مبه‌ری خواوه‌ﷺ وه بانگه‌واز كردنی تێدایه بۆ وازهێنان له چاولێكه‌ری ولاسایی كردنه‌وه‌و فرێدانی، بۆیه ده‌بینین قوتابییه‌كانیان (ڕه‌حمه‌تی خوایان لیٚ بێت ) زۆر جار پێچه‌وانه‌یان بوونه ئه‌گه‌ر فه‌رموده له‌لایان صه‌حیح بوایه .

وه ده‌ماگیری مه‌زهه‌بی بلاٌونه‌بووه‌وه تا پاش هه‌رسیٚ چاخه‌كه‌ی یه‌كه‌م، وه‌شاراوه نییه له‌لای هه‌موو خاوه‌ن ژیری‌یه‌ك كه گه‌وره‌یی ئه‌م ئوممه‌ته‌و سه‌ركه‌وتنه‌كانی له‌و سیٚ چاخه‌دا بووه.

وه ئیمامی (مالك)ده‌فه‌رمێت: (لايصلح آخر هذه الأمة إلاَّ بما صلح به أولها) .

واته: كۆتایی ئه‌م ئوممه‌ته چاك ناكرێت ته‌نها به‌وه نه‌بێت كه سه‌ره‌تاكه‌ی پیٚ چاك بووه، وه سه‌ره‌تای ئه‌م ئوممه‌ته به چاولێكردن وبیدعه‌و هه‌واو ئاره‌زووه‌كان چاك نه‌بووه، به‌لٌكو ته‌نها به شوێن كه‌وتنی قورئان‌و سوننه‌ت له‌سه‌ر چاوڕۆشنایی چاك بووه .خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت: ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ [يوسف:١٠٨] .واته: ئه‌ی محمدﷺ پێیان بلٌیٚ ئه‌مه ڕێگاو به‌رنامه‌ی منه بانگه‌واز ده‌كه‌م بۆ لای خوا له‌سه‌ر چاوڕۆشنایی‌و به‌لٌگه، ئه‌مه بانگه‌وازی من و هه‌موو كه‌سێكه كه شوێنی من بكه‌وێت، وه‌پاكی وبێگه‌ردی بۆ خوای

گەورە لە هەموو کەم وکوڕیو لەکەداری یەك، وەمن لەو کەسانە نیم کە هاوبەش بۆ خوا بڕیاردەدەن .

مامۆستا سید سابق لە پەرتوکی (فقة السنة)دا ترسناکی چاولێکردن ولاسایی کردنەوە ڕوون دەکاتەوەو دەفەرمێت: (بەمانەوەو بەردەوام بوون لەسەر چاولێکردنو، وون بوونی هیدایت بە قورئانو سوننەتو، ووتنی داخستنی کۆشش (الاجتهاد) ئوممەتی ئیسلام کەوتە ناو خراپەو بەڵاوە، وەچووە ناوکونی ئەو بزن مژۆکەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگاداری کردبوونەوە لێی، وە لەشوێنەواری ئەمەیش جیاوازی کەوتە نێوان ئوممەتی ئیسلامەوەو بوون بە چەند کۆمەڵ و حیزبێکەوە ..

هەروەها لە شوێنەواری ئەمە بڵاو بوونەوەی بیدعەکان و لەناوچونو دیار نەمانی نیشانەکانی سوننەتو وەستانی جوڵەی عەقڵیو وەستانی چالاکی فیکریو فەوتانو لەدەستدانی سەربەخۆیی زانستی، کە ئەمانەیش بوونە هۆی لاواز بوونی کەسایەتی ئوممەتی ئیسلام، وەژیانی بەرهەم هێن ئوممەتی وون کرد، وە داینیشاند لە هەستانو ڕۆیشتن، وە بەهۆی ئەمەیشەوە فێڵبازان چەندەها شوێنیان دەست کەوت کە لێوەی دێنە ناوەوەی ئیسلام ٠

## شوبهەیەك و وەڵامدانەوەی:

یەکێك لە شوبهەی دەمارگیرانی مەزهەبەکان ئەوەیە کە دەڵێن: ترسی ئەوەمان هەیە کە فەرموودەکە (منسوخ) بێت بۆیە ئیشی پێ ناکەین، بەڵام خێرا ئەم شوبهەیە بەتاڵ

دەبێتەوە كاتێك پرسیاریان لێ بكەین ئەی كام فەرموودەیە نەسخی كردۆتەوە (ناسخ) كامەیە ؟؟

خۆزگە ئەم كەسانە كەمێك بیریان دەكردەوە!! چونكە مانای ئەم قسەیەی ئەمان ئەوەیە كە زۆربەی ئەو فەرمودانەی كە لەژێر دەستماندایە مەنسوخە، چونكە شوێن كەوتوانی هەر مەزهەبێك زۆر لەو فەرمودانە ڕەت دەكەنەوە كە جگە لە خۆیان دەیكەن بە بەڵگە بەبیانوی ئەوەی كە نەسخ بۆتەوە بەبێ دیاری كردنی فەرمودە (ناسخ) ەكە، ئیتر تێ بڕوانە! ڕەحمەتی خوا لە ئیمامی شافیعی بێت كەهەستی بە ترسناكی ئەم وتەیە بەڵكو ئەم گومانە كردووە، و وەڵامی وێنەی ئەم شوبوهاتانە **دەداتەوە لە پەرتوكەكەیدا** (الرسالة: ص١٠٨) لەبابەتی (الناسخ والمنسوخ) كە لێكۆڵینەوەیەكی گرنگە بگەڕێنەوە سەری، دەفەرمێت: (بەم شێوازە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شتێك نەسخی ناكاتەوە تەنها سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نەبێت، ئەگەر خوای گەورە فەرمانێك یاخود حوكمێكی تازەی دابهێنایە بۆ پێغەمبەرەكەی ﷺ لە هەر كارێكدا جگە لەوەی كە پێغەمبەر ﷺ بەسوننەتی ناساندووە، ئەوا ئەوەی دەكرد بەسوننەت كە خوای گەورە لەدوایدا بۆی ناردووە تاڕوونی بكاتەوە بۆ خەڵكی كە خۆی سوننەتی هەیە پێش خۆی نەسخ دەكاتەوە كە پێچەوانەیەتی، ئەوەیش لە سوننەتەكانی پێغەمبەردا ﷺ باسكراوە.

ئەگەر وتە بێژێك بڵێت: ئەوا بەڵگەمان بینی لەسەر ئەوەی كە قورئان قورئان نەسخ دەكاتەوە، چونكە وێنەی قورئان نی‌یە، ئەم شتەمان لە سوننەتدا نیشان بدەن؟

ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: لەوەی کە وەسفم کرد خوای گەورە شوێن کەوتنی فەرمانی پێغەمبەری ﷺ پێویست کردووە لەسەر خەڵکی ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە لایەنی خواوە وەرگیراوەو لێی ڕازیيە، هەر کەسێك شوێنی بکەوێت ئەوا بەهۆی قورئانی خوای گەورەوە شوێنی کەوتووە، وە نابینین دەقێکی ئاشکرا هەبێت کە خوای گەورە خەڵکی پەیوەست کرد بێت بەشتێکەوە جگە لە قورئان وپاشانیش سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ .

وە کە سوننەت بەم شێوازە بێت کە وەسفم کرد، هیچ هاوشێوەی نیيە لە ووتەی دروست کراوەکانی خوای گەورە، بۆیە دروست نیيە نەسخی بکاتەوە جگە لە وێنەی خۆی، وەهیچ لە وێنەی نیيە جگە لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نەبێت، چونکە خوای گەورە ئەوەی بە ئەمی بەخشیوە نەیداوە بەکەسی تر لە مرۆڤــــ لە پاش خۆی بۆیە خەڵکی هەموو شوێن کەوتوی ئەون، وە بۆ شوێن کەوتوان نیيە سەرپێچی شتێك بکەن کە خوای گەورە فەرزی کرد بێت لەسەریان کە شوێنی بکەون، وەکەسێکیش کە پێویست بێت لەسەری شوێنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بکەوێت ئەوا بۆی نیيە پێچەوانەی بکات، وە شوێنی ئەوەی نەگرتۆتەوە کە بتوانێت شتێك لە سوننەت نەسخ بکاتەوە .

ئەگەر ووتە بێژەکە ووتی: ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە سوننەتێکی گێڕاوەی هەبێت کە نەسخ کرابێتەوە وکار بەوسوننەتە نەکرێت کە نەسخی کردۆتەوە(ناسخ)؟

ئەمە ناگونجێت وناشێت، چۆن دەشێت ئەوەی کە فەرز بوونی وەلاوە نراوە ئیشی پێ بکرێت و واز لەوە بهێنرێت کە فەرزبوونی پێویست کراوە؟ ئەگەر ئەمە دروست بوایە

ئەوا زۆربەی سوننەتەکان لەدەستی خەڵکی دەچوون بەوەی کە دەیانووت لەوانەیە نەسخ کرابێتەوە!! وە هیچ کاتێك فەرزێك نەسخ ناکرێتەوە هەتا فەرزێکی تر لە جێگای دانەنرێت هەر وەکو چۆن ڕووگەی (بيت المقدس) نەسخ بووەوە و لەجێگای ئەو ڕووگەی کەعبە دانرا .وە هەموو نەسخ کراوێك لە قورئان و سوننەت بەم شێوەیەیە .

زانای پایەبەرز (أحمد شاكر) کە تەحقیقی (الرسالة) ی کردووە فەرموویەتی: (با چاولێکەران تەماشا بکەن وتێ بڕوانن کە ئیمامی شافیعی چی فەرمووە، وە چەند بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر پێویستێتی شوێن کەوتنی سوننەت کە (بۆ شوێن کەوتوو دروست نییە سەرپێچی ئەو شتە بکات کە فەرز کراوە لەسەری شوێنی بکەوێت)وە (ئەوەی کە پێویست کراوە لەسەری شوێنی بکەوێت سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ، وەبۆی نییە سەرپێچی بکات وە نایشتوانێت هەستێت بەنەسخ کردنی شتێك لە سوننەت) وە با ئاگادار بن لەسەرپێچی کردنیان بۆ فەرموودە صەحیحەکان بە بیانوی چاولێکردنیان بۆ ئەوانەی پێش خۆیان کە دەڵێن: لەوانەیە ئەم فەرموودانە (منسوخ) بن یاخود فەرموودەی تر دژیان هەبێت، ئەمە ئەو شتەیە کە ئیمامی شافیعی (خوای لێ ڕازی بێت) دەترسا ڕووبدات وە لە شوێنەوارەکەی دەترسا لەناو زانایان وخەڵکی گشتیدا، چونکە (ئەگەر ئەمە دروست بوایە ئەوا زۆربەی سوننەتەکان لەدەستی خەڵکی دەچوون)٠

وە باچاولێکەران تەماشای شوێنەواری چاولێکردن ولاسایی کردنەوە بکەن لەم سەردەمەی ئێستاماندا کە چەند یاسایەك دانراوە کەوەرگیراون لە فەرەنساوە، وە دەرچووە لە هەموو بەڵگەیەك لەبەڵگەکانی ئیسلام وە نزیك بوو وەری بگرن وپێشی

بخەن بەسەر بنچینەکانی دیندا لە ئیش وکارو هەڵسو کەوتیاندا، تا لەوە دەترسین کە بەیەکجاری لەئیسلام دەرچن .

وە لە شوێنەواری چاولێکردن ولاسایی کردنەوە: کەسانێك هەستان بەناوی تازەگەری-یەوە لە دیندا خۆیان خستە شوێنی کەسێك کە سوننەت نەسخ دەکاتەوەو زۆریان لەسوننەت واز لێ هێنا پاشان (تأويل) ی قورئان دەکەن بەو شێوەیەی کە بەخەیاڵیاندا دێت کەوای دەبینن ئەمە بەرژەوەندییە بۆ خەڵکی لە عەقڵو تێڕوانینی ئەواندا، تا لەوە دەترسین کە لە ئیسلام دەرچن بە یەکجاری، ولا حول ولا قوة إلاَّ بالله .

## هەڵوێستی هەندێ لە هاوچەرخییەکان:

هەندێ لە هاوچەرخییەکان بەتایبەتی ئەوانەی سەرقاڵی یاساکانن پەنا دەبەن بۆ تێکەڵ کردن و وەرگرتن لە هەموو مەزهەبەکان لەدانانی حوکمەکاندا، و پەیوەست نابن بەتەنها مەزهەبێکەوە لە هەموو بابەتێکدا، بەڵکو لە ووتەی مەزهەبەکان ئەوە هەڵدەبژێرن کە بەرژەوەندی دەستەبەر بکات بە گوێرەی بۆچونی خۆیان، بەبێ تەماشا کردنی بەڵگە، وە وادەزانن ئیشێکی باشیان کردووە، وە گومانی ئەوە دەبەن کە بەم ئیشەیان لە دەمارگیری بۆ مەزهەب دەرچو بێتن، وەنازانن کە ئەوان لە گوماندان و کەوتونەتە هەڵەیەکی زۆر خراپەوە، خراپتر لە هەڵەی دەماگیری بۆ مەزهەب، چونکە ئەمان حوکم بنیات دەنێن بە گوێرەی شوێن کەوتنی بەرژەوەندی و ڕێگەپێدان بە گوێرەی بۆچونی خۆیان، واتە: بەگوێرەی شوێن کەوتنیان بۆ هەواو ئارەزوویان نەك بە گوێرەی شوێن کەوتنی بەڵگە، ئەمان چاولێکەری دەکەن بە گوێرەی هەواو ئارەزویان، کەپێویست لەسەریان ئەوەیە: کە لە چاولێکردن ڕاکەن و بڕۆن بەرەو ناسینی حوکمی خواو

پێغەمبەرەکەی ﷺ لەو بابەتەدا، وە پێویستە لەسەریان کۆششی خۆیان بەکار بهێنن لە بەڕاست دانانی یەکێك لە مەزهەبەکان بەپێی بەڵگە، نەك بەپێی شوێن کەوتنیان بۆ بەرژەوەندی یاخود ڕێگە پێدان .

وە ئەگەر نەیانتوانی لە نێوان ووتە جیاوازەکاندا ڕاستترینیان هەڵبژێرن بەپێی بەڵگە لە قورئان و سوننەت وقیاسی صەحیح، ئەوا بۆیان دروست نی یە حوکم دابڕێژن بە گوێرەی بەرژەوەندی، چونکە ئەمە لە شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوو بۆچونی بەتاڵە .

(سحنون) فەرموویەتی: (من چەند بابەتێکم لەبەرە تێیاندا هەیە هەشت ووتەی لەسەرە لەلایەن هەشت پێشەوا لەزانایان، ئیتر چۆن دەبێت پەلە بکەم لە وەڵامدانەوەدا پێش فەرمودەکە ئیتر بۆچی لۆمە دەکرێم لەسەر وەڵام نەدانەوە؟!)[٣٢].

پەلە ناکات لە وەڵامدانەوەدا هەتا نەزانێت کام ووتەیە ڕاست ترینیانە بەگوێرەی شوێن کەوتنی بەڵگە، نەك بەگوێرەی شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوو و بەرژەوەندی ٠

زانای پایە بەرز ابن القیم ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە پەرتوکەکەیدا (إعلام الموقعین) بەشێکی تایبەت کردووە سەبارەت بەحەرامی فەتوا دان لەدینی خوای گەورەدا بە بۆچونێك کە پێچەوانەی قورئان و فەرمودە بێت، یاخود بۆچونێك کە قورئان و فەرموودە پاڵپشتی نەکەن لە وەرگرتندا[٣٣] و فەرموویەتی: خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ ۚ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴿٥٠﴾ ﴾ [القصص: ٥٠]. واتە: ئەگەر بەدەنگ بانگەوازی تۆوە نەهاتن ئەی محمد ﷺ و وەڵامتیان نەدایەوە ئەوا بزانە تەنها ئەوانە شوێن

---

(٣٢) (٣٢) (إعلام الموقعین: ١ /٣٦)٠

(٣٣) (إعلام الموقعین: ١ / ٤٩) .

هەواوئارەزویان کەوتون بەبیٚ هیچ بەلَگەیەك، وەکیٚ هەیە گومڕاتر بێت لەو کەسەی کە شوێنی هەواو ئارەزوی خۆی بکەوێت بەبیٚ هیچ ڕێنماییەك لەلایەنی خوای گەورەوە، وە بەڕاستی خوای گەورە هیدایەتی کەسانی ستەمکار نادات٠

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزە خەلَکی دابەش دەکات بە دوو کۆمەلَەوە کەسێیەمیان نیيە، یاخود وەلاَمدانەوەو شوێن کەوتنی خوای گەورەو پێغەمبەر ﷺو ئەوەی کەهێناوێتی، یاخود شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوو، کەواتە هەموو شتێك کە پێغەمبەرﷺ نەیهێنابیٚ ئەوا لە هەواو ئارەزووەوەیە ٠

وەخوای گەورە دەفەرمێت:﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱحۡكُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا نَسُواْ يَوۡمَ ٱلۡحِسَابِ ٢٦ ﴾ [ص: ٢٦].واتە: ئەی داود ﷺ ئێمە تۆمان کردووە بەجیٚ نیشینی پێغەمبەرانی پێش خۆت لەسەر زەویدا، تۆیش بڕیاربدە لە نێوانی خەلَکیدا بە حەق ودادپەروەری، وەشوێنی هەواوئارەزوو مەکەوە، چونکە ئەگەر شوێنی بکەوێت ئەوا گومڕات دەکات ولەڕێی خوای گەورە دەرت دەکات، وە ئەو کەسانەی کەوا لەڕێگای خوای گەورە لادەدەن ئەوا سزایەکی سەختیان بۆ هەیە بە هۆی لەبیرچونەوەی ڕۆژی قیامەت ودادپەروەری نەبونیان لە نێوان خەلَکیدا.

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕێگای بڕیاردان لە نێوان خەلَکی دا دابەش دەکات بۆ دووبەش: یەکەمیان: حەق، کەبریتی‌یە لەو سروشەی کە خوای گەورە دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەرەکەی ﷺ .

دووەم: گەڕاندویەتی‌یەوە بۆ هەواو ئارەزوو، کەبریتی‌یە لە هەموو شتێك کە پێچەوانەی سروش بێت ٠

خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرمێت: ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا عَنكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ۚ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۖ وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُتَّقِينَ ﴿١٩﴾ ﴾ [الجاثية: ١٨- ١٩] .واتە: پاشان ئەی محمدﷺ تۆمان خستۆتە سەر ڕێگایەکی ئاشکرا لە دینەکەتدا کە دەتگەیەنێت بەحەق تۆیش ئیشی پێ بکە لەناو ئوممەتەکەتدا، وشوێنی هەواو ئارەزووی ئەو کەسانە مەکەوە کە یەکخواپەرستی و شەریعەتی خوا نازانن، چونکە ئەگەر شوێنی ئەوان بکەویت وخوای گەورە ویستی لێ بێت توشی شتێکت بکات ئەوا ئەوان ناتوانن هیچ سودت پێ بگەیەنن، وە ستەمکارو کافران هەندێکیان خۆشەویست وسەرخەری هەندێکی تریانن، وەخوای گەورەیش سەرخەرو یارمەتی دەری ئەو کەسانەیە کە خۆیان دەپارێزن لە هاوبەش بڕیاردان و تاوان کردن . لەم ئایەتە پیرۆزەیشدا خوای گەورە شوێن کەوتن دابەش دەکات لە نێوان ئەو شەریعەتەی کە خۆی دایناوە وبە سروش ناردویەتی کە ئیشی پێ بکرێت وفەرمانی بە ئوممەتی کردووەکە ئیشی پێ بکەن وە لە نێوان شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوی ئەو کەسانەی کە نەزانن، فەرمانی بەیەکەم کردووەو قەدەغەی لە دووەمیان کردووە٠وە خوای گەورە دەفەرمێت:﴿ اتَّبِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾ ﴾ [الأعراف: ٣].واتە: شوێنی ئەو قورئان وسوننەتە بکەون کە لەلایەنی خوای گەورەوە بۆتان دابەزێنراوە، وە شوێنی جگە لە قورئان

وسوننەت مەکەون، کە چاولێکەری کەسانێکی تر بکەن لەدینەکەتاندا هەروەکو چۆن خەڵکی لەسەردەمی نەفامیدا دەیانکردو گوێڕایەڵی گەورەکانیان دەکرد لە حەلاڵ و حەرام کردندا، بەڵام مرۆڤ کەم بیردەکاتەوە .

ئەم ئایەتە پیرۆزەیش فەرمان کردنە بە شوێن کەوتنی ئەوەی کە دابەزێنراوە بە تایبەتی (قورئان سوننەت) وە بزانە هەرکەسێك شوێنی جگە لە قورئان وسوننەت بکەوێت ئەوا شوێنی کەسانی تر کەوتوە وەکو سەردەمی نەفامی .

هەروەها زانای پایەبەرز (ابن القیم) فەرموویەتی[٣٤]:

(پاشان خوای گەورە پێمان رادەگەیەنێت کە هەر کەسێك حوکم بکات یاخود حوکم ببات بۆ لای جگە لەوەی کە پێغەمبەرﷺ هێناوێتی (قورئان وسوننەت) ئەوا تاغوتی کردووە بەحاکم وحوکمی بۆ لای ئەو بردووە ..

وە تاغوتیش هەموو شتێکە کەبەندە لە سنوری خۆی دەری بکات وزیادڕەوی تێدا بکات لە پەرستراوو شوێن کەوتن و گوێڕایەڵی کردن، وە تاغوتی هەر نەتەوەیەکیش ئەو کەسەیە کە حوکم دەبەن بۆ لای جگە لە خواو پێغەمبەری خواﷺ، یاخود دەیپەرستن جگە لە خوای گەورە، یاخود شوێنی دەکەون بەبێ چاوڕۆشنایی لەلایەن خوای گەورەوە، یاخود گوێڕایەڵی دەکەن لە شتێکدا کە نازانن ئەمە گوێڕایەڵییە بۆ خوای گەورە ...پاشان خوای گەورە پێمان ڕادەگەیەنێت دەربارەی ئەم جۆرە کەسانە کاتێك پێیان بڵێیت: وەرن بۆ لای قورئانی خوای گەورەو سوننەتی پێغەمبەرﷺ ئەوان پشت لەم شتە هەڵدەکەن و وەلامی بانگەواز کەرەکە نادەنەوە، وە ڕازی دەبن بە حوکمی

---

(٣٤) (إعلام الموقعين: ١/ ٥٣) .

جگە لە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ، پاشان خوای گەورە هەڕەشەیان لێ دەکات کە ئەگەر توشی بەلاو ناخۆشییەك ببن لە عەقلٚ ودین وچاورۆشنایی و لەش ومالٚیاندا، ئەوا بەهۆی پشت کردنیانە لەوەی کە پێغەمبەرﷺ هێناویێتی وەکردنی کەسی ترە بەحاکم وحوکم بردنە بۆ لای جگە لە پێغەمبەر ﷺ هەروەکو چۆن خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعۡضِ ذُنُوبِهِمۡۗ ﴾ [المائدة: ٤٩].واتە: ئەگەر پشتیان هەڵکرد لە تۆ وبەحوکمی تۆ ڕازی نەبوون ئەوا بزانە خوای گەورە بە هۆی ئەم تاوانەوە دەیەوێت سزایان بدات.

بیانوی ئەوە دەهێننەوە کە مەبەستیان چاکەو ڕاستی بووە، واتە: بەکردنی ئیشێك کە هەردوولا ڕازی بکات وهاوسەنگی بکات لە نێوانیاندا هەروەکو چۆن کەسێك کەدەیەوێت هاوسەنگی بکات لە نێوان ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویێتی وئەوەی کەپێچەوانەیەتی وە وا دەزانێت کە بەم ئیشەی چاکەی کردووە ومەبەستی چاکسازی بووە، بەلاٚم باوەڕ وادەخوازێت کە جەنگ وجیاکەرەوەیی بخەینە نێوان ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویێتی وئەوەی کە پێچەوانەیەتی لە ڕێگاو بەرنامەو ڕاستێتیو بیروباوەڕو سیاسەتو بۆچوندا٠ وە باوەڕی تەواو لەم یەکلاکەرەوەییو جەنگەدایە نەك لە هاوسەنگی لەنێوان حەق وبەتاڵدا، وباللّه التوفیق) ٠

هەروەها فەرموویەتی[٣٥]:( نەفەتوا دەرو نەحاکم دەتوانن فەتوا بدەن و حوکم وبڕیار بدەن بەحەق هەتا دوو جۆر تێگەیشتنیان نەبێت:

---

(٣٥) (إعلام الموقعین: ١ / ٩٤) .

یەکێکیان: تێ گەیشتن لە ڕووداوەکەو حاڵی بوون لێی ودەرکردنی زانیاری ڕاست لەوەی کە ڕووی داوە بە بەڵگەو نیشانە، هەتا زانیاری‌یەکی تەواوی دەبێت لە بابەتەکەدا .

جۆری دووەم: تێگەیشتنی پێویست لە دەوروبەرەکەدا، کە بریتی‌یە لە تێگەیشتن لە حوکمی خوای گەورە کە بڕیاری لەسەر داوە لە پەرتوکەکەیدا یاخود لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ لەم ڕووداوەدا، پاشان یەکێکیان جێ بەجێ دەکات بەسەر ئەوی تریاندا، بۆیە هەرکەسێك هەوڵ وکۆشش وتوانای خۆی بەکاربهێنێت لەم شتەدا ئەوا بێ بەش نابێت لە دوو پاداشت ئەگەر پێکابێتی، یاخود پاداشتێك ئەگەر هەڵەی کردبێت، زانا ئەو کەسەیە کە بەهۆی تێگەیشتنی دەوروبەرو ڕووداوەکە دەگاتە زانینی حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ هەروەکو چۆن شایەتەکەی یوسف ﷺ بەهۆی دڕانی قەمیسەکەی لەدواوە گەیشت بەزانینی پاکی‌و ڕاستگۆیی یوسف ﷺ .

هەروەها هەروەکو چۆن سولەیمان ﷺ گەیشت بە ناسینی دایکی ڕاستەقینەی منداڵەکە کە بە هەردوو ئافرەتەکەی فەرموو: (ائتوني بالسكين حتى أشق الولد بينكما)[٣٦] .واتە: چەقۆیەکم بۆ بهێنن هەتا لە نێوانتاندا منداڵەکە بکەم بە دوو بەشەوە وهەریەکی بەشێکی ببەن، دایکی ڕاستەقینەی منداڵەکە هاواری کرد ووتی: وانەکەیت نامەوێت وبیدە بەو ئافرەتەی تر، هەروەها هەروەکو چۆن خەلیفەی موسڵمانان ئیمامی عەلی رضي الله عنه توانی ئەو نامەیە بەو ئافرەتە دەربهێنێت کە (حاطب ابن أبي بلتعة)τ پێیدا ناردبووی بۆ کافرەکانی مەککە بەوەی کە پێ‌ی ووت: (لتخرجن الكتاب، أو

(٣٦) (صحيح الجامع الصغير: ٤٤٦٥، ومشكاة المصابيح: ٥٧١٩).

لنجردنك)[٣٧]. واتە: یان نامەکە دەردەکەیت و دەماندەتیێ یاخود جلەکانت لەبەر دادەکەنین.وە هەر کەسێکیش جگە لەم ڕێگایە بگرێتەبەر ئەوا مافەکانی خەڵکی فەوتاندوەو داوێتیيە پاڵ ئەو شەریعەتەی کە خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەیدا ﷺ ناردویەتی، بەمەوە بەتاڵی چاولێکردن ولاسایی کردنەوەو تێکەڵ کردنی حەق وبەتاڵ ڕوون دەبێتەوە ودەردەکەوێت.داوا دەکەین لە خوای گەورە بمانخاتە سەر ڕێگای ڕاستی ودەست گرتن بەسوننەتی جێنیشینە ڕاستە هیدایەت دراوەکان وە بمانگێڕێت لەو کەسانەی کە دەستی پێوە دەگرن بە جوانی و قەپی لێ دەگرن بە کەڵبەکانیان هەروەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووەو دەفەرمێت: ((وإنه من يعش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ، وإياكم ومحدثات الأمور، فإن كل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة)).

دەی ئەی برای موسڵمانم تۆیش بیربکەرەوەو لەوکەسانەبە کە بەجوانی دەست دەگرن بە سوننەتی پێغەمبەری خواوە ﷺ وقەپی لێ دەگرن بەکەڵبەکانیان، وەواز بهێنە لە هەموو ووتەو کردەوەیەك کە پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بێت .

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

---

(٣٧) (صحيح سنن الترمذي: ٣٣٠٥).

سايتى فەرمووده
www.fermude.com
fermude33@yahoo.com